# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵلا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# تۆماس ئەکیونی


وەرگێڕانی:

ماجید خەلیل


2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێرانی: ماجید خەلیل
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (71)

# ڕێبەرێکی خێرا بۆ ناسینی ژیان و فەلسەفەی تۆماس ئەکیونی

نوسینی پرۆفیسۆری فەلسەفە تایلۆر ·ر· مارشال
وەرگێڕانی ماجید خەلیل

**پێشەکی وەرگێڕ بۆ خوێنەران:**

کۆی تێڕوانینەکانی تۆماس ئەکیونی فەیلەسوفی دیاری دنیابینی مەسیحییەکان، داهێنەرو بوێری کایەکانی ئایین ناسیی، بلیمەتی کۆڵینەوە عەقڵییەکانو ماریفەی رۆحناسیی مرۆڤ، لەم نامیلکەیەدا خراوەتەڕوو، ئاتاجی ئێمەی خوێنەرو نوسەری کورد بۆ پێناسەیەکی وردی کارەکانی ئەم نوسەرو کۆڵەرو فەیلەسوفە ئەکادیمیو زانستییە لەجێگەی خۆیدایەتی، چوون یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی رامانەکانی زانستین و بەرهەمەکانی لە حەوزەی ئەکادیمیاو زانستدا پێشنیاز و پێشکەشکردووە.

تۆماس لەگەڵ ئـەوەی کە فەیلەسوف بـوو، نوسەرو ئایینناسو بیرمەندی بواری سیاسەتو دەروونناسی کۆمەڵایەتیو تاکەکان بوو. لەگەڵێ بواری هەستیارو هێمادار بیرکردنەوەی مرۆدا ئەسپی تواناکانی خۆی، بۆخۆی بوو بە قوتابخانەیەک و لاسایکەرەوانی لەحەوزەی زانستیدا ئێجگار زۆربوون. چوون یەکێک بو لەوانەی کە نامۆیی ئایینی بە عەقڵو هۆشی مرۆڤ ئاشنکردەوەو شوناسی زانستیانەی دایە چەمکە ئاڵۆزو ئاوەژووەکانی ئایین کە پاپاو کڵێساکان بۆ مەرامو مەفهومی سیاسیو چینایەتی بەندیان کردبوون.

خوێندنەوەی ژیـانو بیرو روانینی فەلسەفی تۆماس ئەکیونی بۆ خوێنەری کورد، لەلایەکەوە ئاشناکردنی خوێنەرانی کوردە بە تەنها

سەرچاوەیەکی تایبەتی کوردی کە تایبەت بێت بە ژیانو فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە داهێنەرو مەزنەی کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، لەلایەکی تریشەوە لە رووی نێوەرۆکەوە خاوەن گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چوون لە خوێندنەوەی شیکارو راڤەی ئەم فەیلەسوفە مەزنە ئاینییەی کریستانەکان راستییەکمان بۆ نومایان دەبێت کە چۆن پیاوە ئاینییەکانی خۆرئاوا لە نێو سینەی تاریکی کڵێساو عەقڵ بەستی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاتونەتەدەرو بە هۆشیاری زانستیو عەقڵییەوە دەلاقەکانی ئاینییان رۆشنکردۆتەوە.

فەلسەفەناسیی تۆماس لەوەختێکدابوو کە دنیای خۆرئاوا بەگشتی لەرەوشێکی زۆر تاریکدا دەژیان، کڵێساو پاپاکان مەچەکی بەهێزی بندەستکردنی عەقڵو ئاوەزی مرۆڤ بوونو فەلسەفەو هزرو هۆشی بیرمەندانو رۆشنبیران بەخواستی راکێشانی پێی پاپاکان لەقاڵبدرابوو. هەربۆیە دەرکەوتنی تۆماس لەو سەردەمەدا یەکێکە لە هەرە شۆڕشە هزرییەکان کە توانی بەسانایيو بەسەلیقەو ژیریو بەقەڵەم عەقڵو ئایین ئاشتکاتەوەو نەزمی عەقڵکوژی لەئاستانەی کڵێسادا توشی شۆکبکات. هیوادارین لەم رووماڵەی ژیانو فەلسەفەی تۆماسدا توانیبێتم بەرەوانی روانینێکی دروستی نوسەر بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕمو کەلێنێکم لەو غیابە فەلسەفییەی نێو کایەی نوسینی کوردی پڕکردبێتەوە.

**بۆچی پێویستە ئەم کتێبە لەبارەی تۆماس ئەکیونی بخوێنیتەوە؟**

ئەم کتێبە کورتو پوختترینو ساناترین جیهانە بۆ خوێندنەوە لەبارەی هزری قەدیس تۆماس ئەکیونی، ئەمە تەنێ پەنجا پەڕەیەک دەبێت، لەبەر ئەوە هۆشت بێت کە دەرمانی تەواوی ئاتاجانی هزری تۆماس ئەکیونی

تێدانییە. شەنو کەوکردنی تەواوی تۆماس ئەکیونی پێویستی بە 5000 پەڕە دەبێت، وەلێ ئەمە تەنێ ڕێبەرێکەو بۆ کەسانێکە کە کاتی تەواویان نییە پێڕابگەن بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەم فەیلەسوفە. هەرچەند هاتوو ئەم کتێبەت خوێندەوەو لێی تێگەیشتی کە چی تێدایە، ئەوا تۆ دەگەیتە سەرووی ئەو 0.001%ی خەڵکەی گۆی زەوی کە خاوەن مەعریفەیەکی کردەیین لەبارەی فەلسەفەو خوداناسیی قەدیس تۆماس ئەکیونییەوە .

هاوکات دەتوانیت لە کۆرسێکی پەیوەست بەنێوی تۆماس ئەکیونییەوە سەرکەوتووبیتو دەربچیتو ئیدی ئامدەی لەئاستێکی زانکۆییدا لەبارەی تۆماسەوە بخوێنیت و کۆڵینەوە بکەیت. یاخۆ دەتوانیت بناغەیەک چێبکەیت بۆ بەرەوپێشچوون لەو ڕوانگەیەوە. لە کۆتایی ئەم پەرتوکەدا دەخوازم هەنگاو بەرەو ئاستێکی تر بنێنو پەرتوکی تر لەبارەی ئەم فەیلەسوفەوە بخوێننەوە.

**د. تایلۆر مارشاڵ**

**لەدایکبوونی تۆماس ئەکیونی**

تۆماس ئەکیونی ساڵی 1225 لە قەڵایەکدا لە دایکبوو. بە ئەکیونی نێودەبرا، چوون هەڵکەوتوو لە هەشت کیلۆمەتریی باکوری ئەکینو هاتە دونیاوە. رەنگە بڵێین، وەختێ تۆماس لەدایکبووە لەنازوو نیعمەتدا چاوی بەژیان هەڵهێناوە، چوون بابی خانەدانی ئەکینۆو دایکیشی خانمی سێتی بوو. تۆرەمەی خانزادی تۆماس دەگەڕایەوە بۆ خانەدانی هوهنشتاوفن لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆزدا. تۆرەمەی بنەماڵەی ئەو دەچووەوە سەر نەنگیو بەدناوی ئیمپراتۆر فردریک بارباروسا. هەر لە زارۆییدا، خانەوادە زەنگینو خانەوادەکەی، بۆ یەکێک لە دیارترین پێگەکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوین ئامادەیان دەکرد.

دانرابوو تابێتە راهیبی مەزنی کاسینۆ. مۆنتە کاسینۆ ماڵە دایکی سەرهبانییەتی سەدەکانی ناوین بوو. سانت بندیکت هەوەڵ دێرەکەی لە مۆنتی کاسیۆ دامەزراندبوو. ئیدی هەموو راهیبو راهیبەکانی بندیکتی ئەوروپا وەک پایتەختی رۆحی و رەوگەی ژیانیان تەماشای مۆنتی کاسیۆیان دەکرد. راهبی گەورە کە گەورەی مۆنتی کاسیۆ بوو، وەک شایەک باڵادەستی گۆشبەرداری هەبوون.

سینیباڵدی مامەی تۆماس، سەرۆکی دێری مۆنتی کاسیۆ بوو، باوکی تۆماس کە برای سینیباڵد بوو، هەموو نیازو خولیایەکی ئەوەبوو کە رۆژێک

بێت تا کوڕە گچکەکەی ببێتە سەرۆکی دێری مۆنتی کاسیۆ و شوێنی براکەی بگرێتەوە. لە هەوەڵەوەو لەتەمەنی پێنجساڵیدا، تۆماس لە دێری مۆنتی کاسیۆدا نێردرایە بەر خوێندن. لەئەفسانەیەکدا هاتووە کە تۆماس پێی وتراوە، گای لاڵ، چوون تۆماس هێندەی گایەک قەبە بووە، وەلێ بێدەنگ‌و مەلوول بووە.

زۆرێک واگریمانە دەکەن کە تەواوو لاڵ بووەو سەرو سەکوتێکی زەبەلاحی گەمژانەی هەبووە. وەلێ چوارشانەیەک بووە کە خاوەن هۆش‌و هێزێکی زەینی گەورە بووە.

جارێکیان هاوپۆلەکانی هاواریانکرد، سەیری دەرێ بکەن، بڕووانە تۆماس، بەرازێک لە فڕیندایە، وەرە ببینە! ئەوکات بە کەڵەگاییەکەی خۆیەوە لەپەنجەرەوە رووانی‌و ئەویش سەیری دەرێی کرد. تەواووی پۆلەکە بووە قاقای پێکەنین. وتیان ئایا تۆماس تۆ هێندە گەمژەی وادەزانی لەدەرێدا بەراز هەن کە بتوانن بفڕن؟ گای لاڵیش وەڵامی دانەوە: لەجیاتی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە بەراز دەفڕن، لەوە رادەمێنم کە برا مەسیحییەکانم وەختە درۆم لەتەکدا دەکەن!.

کاتێک تەمەنی تۆماس لە 14 نێزیک بووەوە، ململانێی سیاسی نێوان پاپا گریگۆری نۆهەم‌و ئیمپراتۆر بندیکتی دووەم لەناوچەکەو دەوروبەریدا سەریکێشا بۆ جەنگ.

لەو وەختەوە خانەوادەو ماڵی ئەکینو لەڕێگەی خوێنەوە پێوەستن بوون بە فردریکی دووەمـەوە. دایک‌و بابی تۆماس بەزوویی زارۆکەیان گواستەوە بۆ زانستگەی تازە دامـەزراوی فردریکی دووەم، کە دەکەوتە شاری ناپولی.

### هەوەڵین دوو پەروەرێنەکەی تۆماس لە ناپولیدا

لە 1200 دا زانکۆی ناپولی شوێنێکی ئێجگار مشتومڕ ئامێز بوو، هەر لەوێش بوو کە تۆماس بۆ هەوەڵجار ئاشنابوو بە دوو پیاو، کە بۆ هەتا هەتایە ژیانی تۆماسیان گۆڕی. هاوکات لەسەر ڕەوگەی ئەم دوو کەسەش بوو کە تۆماس پلانەکەی دایکو بابی بەنەزۆکی هێشتەوەو ئیتر هەرگیز نەبووە ڕاهیبی گەورەی دێری مۆنتی کاسیۆ. تۆماس ئەکیونی لاو وەک خوێندکارێک لە ناپولیدا، کەوتە ژێر کاریگەریی ئیلهامی ئامۆژگارێکی بەناوی جونی سانت جولیان. جونی سانت جولیان پەیوەستبوو بە نەزمێکی نوێی ئاینداریەوە کە هیچ شوناسێکی نەبوو بۆ خۆیان وەک ڕاهیبێک، بەڵکو لەجیاتی ئەو پێناسە چەمکی برایی بۆ خۆیان بەکاردەهێنا. جونی سانت جولیان پێوەست بوو بە بزووتنەوەیەکی نوێوە، کە لەهەمبەر دەمارگیرەکان ناسراوبوو بە فەرمانی ئامۆژگاران یاخۆ دۆمۆنیکان.

لەساڵی 1216 دا کەشیشێکی تۆبەکارو کارێزما، بەناوی سانت دۆمۆنیک، ڕژێمێکی مەزهەبی نوێی بۆ زیندو ڕاگرتنو بوژانەوەی باوەڕیی مەسیحییەتو ئاشتەوایی بیدعەچییەکان لەتەک کەنیسەی کاسۆلیکیی دامەزراند. ئامۆژگارانی ئەم ڕێبازە نوێیە سادەو ساکار بوون، ئەوان لە نەزمی برایەتییاندا تەواوی ئامۆژگارەکانییان هەڵدەپێچا کە شارو شارۆچکەکان تەی بکەنو ڕێبازەکە بگەیەنن، فرەجار بەپێی پەتیو پەرشپوتی دەگەڕانو بۆ خواردنو پێخۆرییان ئاتاجی دەرگای خەڵکی دەبوون، یاخۆ شەوانە لە کێڵگەو تەویلەکاندا یان لەهەر شوێنێک کە ڕێگەیان پێبدرایە دەمانەوە. بەپێچەوانەی ڕاهیبی بنیدیکتی مۆنتی کاسیۆ. چون ئەو ڕاهیبانە بەسواری ئەسپی گرانبەهاو بە پۆشاکی ئاوریشمو زێڕو گەوهەرەوە دەژیان، وەلێ دۆمینیکان بە ژیانێکی کوللە مەرگیو هەژارانە دەژیانو مژوڵی ئامۆژگاریو

پەیڤە مەزهەبییەکانیان بوون. ئیدی ئەم ژیانە سەختو سادەو تەوبەکارانەی ئامۆژگارەکان بووە خواستێک لە مەژگی تۆماسی لاودا.

ئەم رووداوە بووە شۆکێک بۆ دایکو بابی تۆماسو پەنجەی تۆمەتیان درێژکرد بۆ جۆنی سانت جولیان، گوایا لاوەکان لەخشتە دەبات و سازیان دەکات بۆ نێو رێبازە نوێیەکەی. هاوکات هەر لەو ماوەیەدا لە ناپولی تۆماس ئەکیونی کەوتە ژێر کاریگەریی پیتەر لایرلنداوە، کە یەکێک بوو لە پایەبەرزترین کۆلەرەکانی ئەورووپا. پیتەر وانەکانی ژمێریاری، ئەندازیاری، ئەستێرەناسیو مۆسیقای بە تۆماسی لاو دەوتەوە، هاوکات ئاشنای دەکرد بە تێکستە وەسەنییەکانی یۆنانو ئەرستۆی فەیلەسوف. فرەجار نوسینەکانی ئەرستۆ هاوڕاکرابوون بە راڤەگەلێک، بەتایبەت شرۆڤەی نوسراوی موسڵمانو جووەکان. ئەوێ دەم مەسیحییەکان دابەشببوون بۆ سەرنج گەلێک لەسەر ئەو تێکستانە، هەندێک پێیان وابوو پێویستە ئەو تێکستانە بخوێنرێنو ئاشنابکرێنەوە بە باوەڕی مەسیحییەکان. وەک پاشتر دەیبینین تۆماس ئەکیونی فرەترینی هۆشو هێزی خۆی تەرخانکردبوو بۆ ساغکردنەوەو راڤەکردنی هەموو ئەو تێکستانە کە لەلایەن ئەرستۆوە خرابوونە روو.

هەر لەم دانـراوەدا تۆماس بە روونی رۆڵی هەریەک لە عەقڵو باوەڕی پێناسەکردووەو ئەوەیشی خستووەتە روو کە چۆن هەریەک لەوانە پێوەندیی بەوی دیکەوە هەیە.

**تۆماس لەتەمەنی 19 ساڵیدا**

تۆماس بۆ خانەوادەکەی خۆی یەکلایکردەوە کە نایهەوێ ببێتە راهیبی بیندیکتینو مژوڵی شەن و کەوکردنی نوسینگەو گەورەی دێری مۆنتی کاسیۆ دەبێت، لەبری ئەوە دەیەویست ببێتە دۆمینیکان. لەئێستادا بۆ دایکی زۆر ئەستەم بوو کە ئەوە دەبیستێ و وەختە کوڕەکەی ببێتە کەسێکی نامۆو

سواڵکەرو گەڕیدەی دەمارگیرو بێزراوی کۆمەڵایەتی، چوون ناکرێ‌و نابێ کوڕە خانەدانەکەی کە لە قەڵاث‌و نازو نیعمەتدا لەدایکبووەو ئێستەکانێش بیبینێث لە مەزرای بەرازان‌و لە باشخەڵی جوتیاراندا بنوێث. وەلێ تۆماس یەکلایی ببوویەوە، نەیدەویست گوێڕایەڵی دایکی بکاث، لەبری گوێڕایەڵی خودای خۆی دەبوو. هەربۆیە لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا، تۆماس ئەکیونی لە ماڵێ هەڵدێث تا پێوەندی بکاث بە دۆمینیکان لە رۆمادا. لەبەرامبەردا دایکی هیچ رێگە چارەیەکی لەبەردەمدا نەما، ناچار رێوشوێنی ئامادەکرد تاوەکو لەلایەن براکانییەوە تۆماس باڵبەسث بکەن و بیهێننەوە.

دواجار وەختێ تۆماس لە نائاگاییدا بوو لە شوێنێکی خواردنەوەدا، براکانی پرشیان دایەو گرتیانن، ئیدی یان گەڕاندەوە بۆ قەڵای مۆنتی سان جۆفانی کامبیانو.

دایکی تۆماس لەو قەڵایەدا، بۆ ماوەی دووساڵ وەک زیندانییەک گرتییە خۆی. لەوێندەر تۆماس لە چاڵێکدا بەند نەکرابوو. لەبری ئەوە لەماڵێدا لەژێر چاودێریداو دەستبەسەر بوون بەهیوای ئەوەی دەستبەرداری بیرۆکەی بوون بە ئامۆژگاری دۆمۆنیکان لە سەریدا نەمێنێث‌و بیرۆکەی سەپێنراوی بوون بە راهیبی مۆنتی کاسیۆ لە ئامێز بگرێث. بەتێپەڕبوونی کاث، ئیدی ئەو زانکۆیەی کە وانەی تێدا دەخوێند وەک خوێنکارێک، لەهەمان کاتدا خوشکەکانیشی تێیدا وانەیان دەخوێند، هەربۆیە لەو رێگەیەوە بەنهێنی نامەی دەنارد بۆ دۆمۆنیکانە هاورێکانی .

## تۆماسی داوێن پاکی و پشتوێنی موعجیزە

دیارترین بیرۆکەی خانەوادەکەی تۆماس لەو کاتەدا، ئەوەبوو کە چۆن ئافرەتێکی لەشفرۆش بە کرێ بگرن‌و بیکەنە ژوورەکەی تا بەڵکو

لەخشتەی بەرێتو هەستو هێزی دەمارگیریی دۆمینیکانەکان لە مەرگیدا ئێک بداتو لە پەیوەستبوون پێیانەوە بسڵەمێتەوە. وەلێ وەختێ ئافرەتەکە چووە ژورێو هەوڵی دا تۆماس لە خشتە بەرێ، لە شوێنی خۆی بەهەڵەداوان هەڵهاتو چووە کن ئاگردانێکو پارچە تەختەیەکی گڕ ئێبەرداو رووی کردە ئافرەتە لەشفرۆشەکە. بەمەش ئافرەتەکە لەژوورەکەدا ئێی تەقاند، لەم کاتەدا تۆماس بە پارچە تەختەکە دەستی کرد بە رووکاندنی ئاماژەی خاچەکەی سەر دیواری ژوورەکـە. لەم کاتەدا دوو فریشتە دەرکەوتنو پشتوێنێکی موعجیزەیان بەست لە کەمەری تۆماس. ئیدی ئەو ئەم پشتوێنە بۆ تەواووی ژیانی لێک ئاڵا .

هەربۆیە وترا کە ئیدی تۆماس هەرگیز بیری ئـارەزوو کرداری هەوەس ناتوانێت تا مردن کاری لێبکاتو لەم سۆنگەیەشەوە ناسرا بەو کەسەی کە فریشتە لە لەشیدایە. هەربۆیە لەم روانگەیەوە زوهدو تەقوای تۆماس ئەوەی نیشاندا کە هەرگیز دەستبەرداری ئەرکەکەی نابێت لە رەوگەی دۆمینیکانەکاندا. لەم کاتەیشدا بـەردەوام دایکی شەرمی لەخۆی دەکرد کە کوڕە خانەدانەکەی بەو جۆرە بە هەژارىو نەداری بژی و دووربێت لە تایبەتمەندیو مافو میراتی باپیرانی. هەربۆیە هیچ پشتیوانیەکی بۆ دەرنەدەبڕیو پەنجەی لۆمەو تانەی بۆ درێژ دەکرد. وردە وردە دایکی تۆماس بەزەیی جوڵا بۆ کوڕەکەیو کەمێ نەرمی نواند لەبەرامبەریداو رێگەیدا شەوانە لە ژوورەکەیەوە بە دزییەوە و لەپەنجەرەکەیەوە بڕوانێتە شەوگاری دەرێ. لەم رێگەیەوە تۆماس توانی خەونەکەی بێنێتەدیو ببێتە دۆمینیکان، چوون دایکی دەیوت باشە وا روانینەکانی لێمە قوتاروونو لە رێگەی شەوەوە دەڕوانن، ئیتر بوونەتە دۆمینیکان ئەوەی دژی خواستی ئێمەیە.

## تۆماس دەڕوا بۆ پاریس

پاش قوناربوونی تۆماس، رەوگەی دۆمینیکان رای سپارد بچێنە پاریسو لەوێ هەم دەرس بڵێنەوەو هەمیش درێژە بەخوێندنەکەی بداث. لەوێ ئاشنا بوو بە پیاوێک کە ئەویش کاریگەریی لەسەر دانا، تەنانەث زیاد لەو کاریگەرییەی کە جۆنی سانث جولیانو پینەر لەسەریان دانابوو. سانث ئەلبێرتی گەورە بوو. ئەلبێرتی گەورە لەوانەیە خوێندەوارترین پیاوی جیهانبێث، چوون شارەزا بوو لە زانستی سروشتی، مۆسیقا، مێژوو، ئەستێرەناسی، کتێبی پیرۆزن لە فەلسەفەو خوداناسیدا. ئیدی تۆماس ئەکیونی خۆی لکاند بەوەوە، لەپاریسەوە بۆ کۆلنو ئەڵمانیا کەوتە شوێنیو دووی کەوث. لە کۆڵندا تۆماس بووە پرۆفیسۆر لە کتێبی پیرۆزدا، هەر لەوێ لێکۆڵینەوەو راڤەی لەبارەی ئەشعیاو ئەرمیاو مەراسی نوسی. لە ساڵی 1252 دا تۆماس گەڕایەوە پاریس، ئەوێ دەم ماستەرەکەی لە زانستی خوداناسی (ئیلاهیاث) دا تەواو کردبوو. سێ ساڵ تەمەنی خۆی لەبارەی نوسینو راڤەی حوکمەکانی بترس لامبارد گوزەراند .

هەر لەو ماوەیەدا توانی ئێزە فەلسەفییە بەنێوبانگەکەی لەسەر بوونو خود (De ente et essentia) دابنێث.لە کۆرسی بەهاری 1256 دا، تۆماس دەستنیشانکرا وەک گەورەو بەرپرسی ئیلاهییاث لە پاریس. ئەوێ دەم هەردوو دۆمینیکانو فرانسیس لەژێر هێرشو پەلاماری بەرپرسانی کڵێسایەکی دیاریکراودا بوون. تۆماس قەڵەمەکەی خستە خزمەتی بەرگریکردن لە ژیانی نەدارو پەروەردەو ئامۆژگاریکردنیاندا. لەماوەی بەرپرسایەتییەکەیدا لە 1256 وە بۆ 1259 ، تۆماس توانی کارگەلێکی فرە نایاب بنوسێث، لەوانە:

1.پرسگەلێکی ناتەبا لەسەر راستیی (Questiones disputatae de veritate) ، گردکردنەوەی 29 پرسی ناتەباو ناکۆکن لەبارەی بوارەکانی پەیوەست بە باوەڕو رەوشی مرۆڤ.

2.(Quaestiones quodlibetales) کۆکردنەوەی وەڵامـی ئەو پرسیارانەیە کە لەلایەن خەڵکی ئەکادیمییەوە ئاراستەی کراون.

3.راڤـەو کۆڵینەوە لەسەر کارەکانی ئەم فەیلەسوفانەی سەدەی شەشەم لەوانە: بوسیوس، مانلیوس، ئەنیکیوس، بۆسیوس.

4.کورتەیەک لەبارەی دژە بێ باوەڕیو وەسەنییەت، کە یەکێکە لە بەنێوبانگترین شاکارەکانی تۆماس.

**تۆماس دەبێتە جێ مشتومڕترینی نێو ئایین ناسانی سەردەمی خۆی**

لە 1268 تاوەکو 1272، دووبارە تۆماس بوویەوە بە بەرپرسی زانکۆی پاریس. لەهەموو ئەو قۆناغەدا کاری تۆماس ئەوەبوو، کە لەوێدا هەموو ئەو بەکارهێنانەی دەدایە دواوە کە فەلسەفەی ئەرستۆیان بەکاردەهێنا بۆ نکوڵی کردن لە بیروباوەڕێکی دیاریکراوی مەسیحییەت بۆ نمونە لەبارەی دروستکردنی کەونو ئەبەدییەتی رۆح. ئەم بزووتنەوە پەڕگیرە فەلسەفییە نێودەبرا بە ئەڤێرۆس. پاشان فەیلەسوفی موسڵمان ئیبن روشدیش لە خۆرئاوادا بە ئەڤێرۆس ناسرا. ئەڤێرۆس یان روشدییە، بە دژە باوەڕ ئاراستەی گرتووە. وەلێ تۆماس خواستی ئەوەبوو کە ئەوە بخاتەڕوو کە هۆکارو هزری درووست هەرگیز لەتەک باوەڕو ئیمانی درووستدا یەکانگیر نابن. دیارە کە ئەڤێرۆسیزم لەتەک بیروباوەڕی مەسیحدا دانوی پێکەوە ناکوڵێت.

بەگوێرەی سانت تۆماس روانگەی فەلسەفەی ئەرستۆ ناساندنێکی دولایەنەی ترسناک لەنێوان فەلسەفەو زانستی خواناسیدا دەخاتە روو.

ئەڤێرۆریستەکان لە خوێندنەوەیاندا بۆ ئەرستۆ، هەڵوێستگەلێکی دژبەیەک سەبارەت بە باوەڕ شرۆڤە دەکەن. بۆ نموونە خوێندویانە کە هەموو پیاوێک هاوبەشبوون یان بەشداربوون لە تەنها هزرێکی کارادا .

دیارە کە ئەم تیۆرە یەکیەتی بوون دەناسێنێ، بەو واتایەی کە باوەڕت وەهابێت خودا هەموو شتێکەو باوەڕی مەسیحیش لەنێو رۆحدا شاراوەتەوە. لەم کاتەدا هەندێ خواناسو لاهوتی کاسۆلیکی واهەستیان کرد کە وەڵامی دروست ئەوەیە کە بەجارێ دەستبەرداری فەلسەفەو ئەرستۆ ببن. لەبەرئەوە هەڕەشەی هەڵەکانی روشدیگەرایی (ئەڤێرۆریزم) ئێجگار گەورەبوون. وەلێ تۆماس لە روانگەیەکی ترەوە لەسەر ئەوە سوربوو کە دەکرێت ئەرستۆ لەتەک مەسیحییەتدا بەنەزمێکی پێداچوونەوەی وردەوە پێکەوە هاویەکییان تێدا دروستبکرێتو لەتەک یەکدا ئاشتبکرێنەوە.

لە گێژاوی ئەم مشتومڕو ناکۆکیانەدا، زۆرێک لە تۆماس هەڵگەڕانەوەو تۆمەتباریانکرد بەوەی کە بووە بە روشدیی(ئەڤێرۆیست). ئەوانەی کە ئامادەبوون باوەڕی مەسیحیی بکەنە قوربانیو بیگۆڕن بۆ ئەرستۆگەرایی. لە دێسەمبەری 1270 دا شتەکان بەتەواوی خراپکرابوون. ئەوە وەختێک بوو کە ئەسقەفی پاریس ئاتیان تێمپیەر مەرسومێکی دەرکرد بۆ سەرزەنشتکردنی مەراسیمی سیازدەی ئەرستۆچیو ئەڤێرۆیسەکان. لەوێدا پێشنیازگەلێک کرابوون کە تێیدا هەموو ئەوانەی لەسەر رەوگەی ئەرستۆو روشدییە بەردەوامبوونو پشتیوانییان دەکرد بە تەکفیرکرانو بە بیدعەچیو لادەر لەقەڵەمدران. وەلێ هێشتا تۆماس لەلایەکەوە بەردەوام بوو لە بەرگریکردن لە بەکارهێنانی ئەرستۆگەرایی دژ بە هەڵە فەلسەفییەکانی روشدییەکان. هاوکات تۆماس کاری کرد بۆ ئەوەی کەنیسەی کاسۆلیکی چ شتێکی گەرەکە لەنێوان عەقڵو ئیماندا.

**مەرگی عیرفانی تۆماس ئەکیونی**

لەساڵی 1272 دا، تۆماس گەڕایەوە بۆ ناپولی، گەرەکی بوو وانە بڵێنەوەو کاری گەورەی خۆی لەوێندەر تەواو بکات کە بریتی بوو لە کورتەی ئایین ناسیو زانستی لاهوتی. لەمیانی بۆنەی قوربانی پیرۆز لەسەر جەژنی سانت نیکۆلاسندا، لە 6ی دێسەمبەری 1273 دا تۆماس توشی نەشوەو مەستی بوو. لەوکاتەدا گوێی لە دەنگی مەسیحی بوو کە قسانی لەتەکدا دەکرد. مەسیح لێی پرسی، چ داوایەکت هەیە ئەی تۆماس، ئەویش لە وەڵامدا گوتی تەنها تۆم دەوێ پەروەردگار. هەر لەو میانەدا چەند شتێکی دی روویاندان وەلێ هەرگیز تۆماس لەو بارەیەوە هیچی تری نەگوت. سکرتێرەکەی تۆماس، ریجناڵد پیپیریۆ لەو پاڕایەوە تا درێژە بدات بە کارەکەی لە بواری لاهوتییەتدا، وەلێ لەوەڵامی ریجناڵدا ئەوەی دایە دوواوەو وتی ناتوانم، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوەی تا ئێستا نوسیومە لەلام وەک چڵە پوشێک وەهایە، هەربۆیە جارێکی دی تۆماس نەخۆی تەرخانکرد بۆی و نەهیچیشی نوسی.

هەر لەو کاتەدا پاپا گریگۆری دووەم، ئـەوەی راگەیاند کە شورای دووەمی لیۆن ، پێویستە لە 1ی مانگی مەی 1274 دا ببەسترێت. هاوکات پاپا خواستی ئاشتەوایی کرد لەنێوان پیاوانی ئاینی ئەرسەدۆکسی یۆنانیو گەڕانەوەیان بۆ رکێفی کەنیسەی کاسۆلیکی رۆمانی. بۆزانیاریش لەودەمەدا تۆماس ئەکیونی مەزنترین مەژگی نێو دنیای مەسیحییەکان بوو. هاوکات پیرۆزییە رۆحییەکەی وای کرد کە بانگهێشتبکرێتو ئامادەبێت لە گردبوونەوەکەی پاپادا. تۆماس هەرچەند کە لە گەشتەکەیدا بەرەو گردبوونەوەکەی ئەنجومەن، بەسواریی گوێدرێژێک رێگەی دەبڕی، وەلێ

لەوکاتەدا سەری بەر چڵێک لە درەختێکی کەوتووی سەر ڕێی دەکەوێت.

ئیدی دەبرێت بۆ دێری مۆنتی کاسیۆو لەوێ وەهۆش خۆی دێتەوە ( دەکرێت ئەم بەدەمەوەچوونە لەبەر پێگەو پیرۆزی دایکو باببیەوە بوویێت). هاوکات لەماوەی پشودانی لە ئابی فۆسانۆڤادا، رەوشی ئێجگار بەرەو خراپی دەچێت. بەمجۆرە ژیانی سادەی گوزەرا، دوایین وتەکانی بریتی بوو لەو ئەبەدییە رۆحییەی کە هەیبوو، چوون ئەو وەک پاداشتێک تەماشای دەکردو پێی وابوو لەسنگیدا دەیپارێزێت، زۆرجار دەیوت خوێندنو شەونخونیو رەنجو ئازارو وانەو وێنا هزرییەکانم تەنێ لەو پێناوەدا بووە. هەربۆیە تۆماس لەپاش مردنی وەک قەدیسێکی کەنیسەی کاسۆلیکی رەوایەتی ئاینی پێدرا. ئەمەش کاتێک رۆشنکرایەوە کە 50 ساڵ بەسەر مەرگیدا تێپەڕیبوو.

دوو سەدە دواتریش لە 1567 دا، پاپا پیوسی پێنجەم ئەوەی خستە روو کە تۆماس دکتۆری کەنیسەو یەکێک لە هەرە مەزنەکانی دنیای مەسیحەو لە ئاستی چوار مەزنە دیارەکەی لاتیندایە، وەک ئامبروزو ئۆگستین قەدیسو چیرۆمو گریگۆری. لەوساتەوە جیهان کەسێکی وەک ئەوی بەخۆوە نەدیتووە. ئەوڕۆ لە تەواووی زانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێتو کۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، لەلایەن کاسۆلیکو پرۆتستانتو موسڵمانو جوو و تەنانەت لەلایەن بێ باوەڕەکانیشەوە شوێنی کۆڵینەوەکانی دیارن.

بەڵێ ئەو هەر ئەو کەسەبوو کە ناسرابوو بە گای لاڵ، وەلێ بەردەوام بوو تا نەعرەتەی کێشاو دەنگی دایەوە .

دیارە کە گێڕانەوەی تر لەسەر ژیانی هەیەو بەم جۆرە جۆرێکی تر لەسەر ژیانی راوەستاوون.

تۆماس ئەکیونی (تۆماسی ئەکوین) یان تۆماس ئەکوینۆ (1225 – 1274) ، راهیبێکی دۆمینیکانی ئیتاڵییە، ناوبراو کاهینێکی کاسۆلیکیو فەیلەسوفێکی زێدەبەدەر کاریگەرو هاوکاتْ خوداناسو ئاییناسێکی رێو رێچکەی شێوە فەلسەفەی سەدەکانی نێوەراستی ئەوروپا بوو. هەر لەم چوارچێوەیەدابوو کە وەک دکتۆری ئەنجیلیۆس ناسرابوو. تۆماس ئەکیونی لە وڵاتی ئەکوینۆ وە، لەویّ خێزانەکەی ئاوەکو 1137 توانیان دەستْ بگرن بەسەر زەوییەکانیدا .

ناوبراو لە رۆکاسیکای ئیتاڵیادا لەدایکبوو. تۆماس لە سەرەتادا ئەرەفدارێکی کلاسیکی شێوە ئایینداری سروشتی و باوکی تۆماسویسم بوو. کاریگەریی لەسەر هزری خۆرئاوا جێگەی رامانو سەرنجدانە. بۆیە دەبینین گەلیّ لەفەلسەفەی مۆدێرن وێنای ئایدیاکەیان بە پەرەپێدانو پێشخستنی یاخۆ بەروودا وەستانەوەی گرتۆتەبەر. بەتایبەتْ لەبوارەکانی ئەخلاق، یاسای سروشتی میتافیزیک و تیۆری سیاسیدا. بە پێچەوانەی زۆرێک لەرەوتەکانی کەنیسە لەئێستەدا، تۆماس ئەکیونی گەلیّ لە ئایدیاکانی فەلسەفەی ئەرستۆی لەخۆیدا شوێنکردەوەو وەک فەیلەسوفێک ئاماژەی پێدا.

هاوکاتْ گەلیّ لە پرەنسیپەکانی مەسیحییەتی، لەتەک فەلسەفەی ئەرستۆییدا پێکەوە گرێداو گونجاندنی. دیارە کارەکانی تۆماس لەپێناو ئایدیایەکی تایبەتدابوو کە بەنێوبانگترینیان بریتی بوو لە کورتەو کورتەی بێباوەڕییو وەسەنییەکان. لێرەشدا راڤەکانی لەسەر کتێبی پیرۆزو ئەرستۆ بەشێکی گرنگی کارەکانی پێکدەهێنن. هەروەها کارەکانی تۆماس ئەکیونی جیاکراونەتەوە بە نەزمێکی تایبەتْ لە موناجاتدا، دیارە کە زۆرێک لەبارەی ئقوسە ئایینییەکانی کلێساوە سەرچاوەیان گرتووە. تۆماس شەرەفمەندە وەک قەدیسێک یان کەشیشێک کە لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکییەوە وەک مامۆستایەکی نمونەیی

چاوی لێدەکرێت، دیارە ئەوەیش لەبەر ئەو کۆڵینەوەو رامانانەیەتی کە لەبارەی کاهینگەرایی و باڵاترین دەربڕینەکانی لەسەر عەقڵی سروشتی و تیۆری ئایینی کردوویەتی .

لەسەردەمە نوێیەکانداو لەژێر ئاراستەی پاپاکاندا، کۆڵینەوە لەکارەکانی وی بەکاردەهێنرا وەک نێوەرۆکی پرۆگرامێکی دیاریکراو و داواکراو لەلایەن هەموو ئەوانەوە کە دەگەران بەشوێن زانستی کاهینگەرایی‌و نەزمی خوێندنی تقوسە ئاینییەکانی کڵێسا. هاوکات بۆ هەموو ئەوانەی کە شێوەگیریی مەزهەبی هەڵپێچابوون یاخۆ بۆ خوێندکارانێکی دیکە کە لە بەشە پیرۆزو فەلسەفی‌و مەزهەبییەکاندا سەرقاڵ بوون، لەوانە فەلسەفەو ئایینناسی کاسۆلیکیی و مێژووی کڵێساو یاساو رێسای کڵێساو مناجاتنامەکان .

هەروەها تۆماس شەرەفی ئەوەیشی پێبڕا کە وەک دکتۆر یاخۆ پزیشکی کەنیسە بناسرێت. جگە لەوەش وەک مەزنترین پیاوی ئایینناسی‌و فەیلەسوف لە کەنیسەی کاسۆلیکیدا شوێنی کراوەتەوە.

لەم بارەیەوە پاپا دۆمینیکنی پازدە رایگەیاند: راسپاردەی دۆمینیکان جیلوەیەکی نوێی بەخۆیەوە بینی، ئەوە وەختێک کە کڵێسا بە وانەبێژوو دکتۆری کڵێسا ناوزەدکرد، لەبەرئەوە شەرەفی ئەوەی پێبڕاوە کە لەلایەن ئەحبارو کەشیش‌و موریدو تەواوی خوێندکارانی کڵێسا پێگەو مەقامی باڵاو بەرزە .

# دەستپێکی ژیانی تۆماس ئەکیونی (1274_1225)

تۆماس له رۆکاسیکای هەرێمی ئەکینۆی وڵاتی سەقڵییه دا لەدایک بوو( لەئێستەدا هەرێمی لاتسیۆی ئیتاڵیایه).

بەگوێرەی بۆچوونی هەندێک لەنوسەران له قەڵای ئەکوینۆ، له ئامێزی خانەوادەو ژیانی ئەرستۆکراتییەتی بابیدا هاتە دونیاوە. بابی تۆماس سەر بە رەچەڵەکی بەهێزی خانەوادەکەی نەبوو، وەلێ دایکی لەتۆرەمەی خانەوادەی رۆسی بوو که لقی ناپۆلی رۆتشۆلۆ بوو . سینديباڵ هەوەڵ کاهینو سەرۆک دێری مەزن بوو له مۆنتی کاسیۆ، هەوەڵ بندیکتین بوو. وەختێ تەواوی خانەوادەکەی تۆماس کوڕەکانیان دەنێردرانه بەر خزمەتی سەربازی، وەلێ ئەوان تۆماسیان ئامادەکرد تارێژکەو رێگەی مامی بگرێتەوەو ببێته راهیبێکی مەزنی کەنیسەی مۆنتی کاسیۆ.

ئەمەش بۆ گەنجێکی خانەوادەیەکی خانەدانی باشوری ئیتاڵیا کارێکی نۆرماڵو چاوەڕێکراو بوو. ئەوەبوو تۆماس لەتەمەنی پێنج ساڵیدا نێردرایه بەر خوێندن له مۆنتی کاسۆدا، وەلێ پاش پێکدادانی سەربازی نێوان ئیمپراتۆر فردریکی دووەمو پاپا گریگۆری نۆهەم، ئیدی گەڕایەوە بۆ ناپۆلی. که ئەمەش لەساڵی 1239 دا بوو . لاند فوڵو سیۆدۆرا له ستادیۆمی گشتی زانکۆدا تۆماسیان وەرگرتبوو، ئەوەش له ناپۆلیداو لەلایەن فردریکەوە دروستکرابوو. هەر لەوێدا بوو که تۆماس ئاشنابوو بە ئەرستۆو ئیبن روشدو ئیبن مەیمون. دواتر هەموو ئەمان شوێنی دیارییان لەسەر فەلسەفەی خوداناسی تۆماسدا بەجێهێشت . دیارە که هەموو ئەو کاریگەرییه لەماوەی

خوێندنەکەیدا بوو لەناپولی، خودی تۆماس لەژێر کاریگەریی جۆن سانت جۆلیاندا بوو. دیارە کە واعزێکی دیاری دۆمینیکان بوو لە ناپۆلیدا. دیارە کە ئەمەیش بەشێک بوو لە هەوڵی کارای دۆمینیکانەکان بۆ راکێشانی خەڵکو راهێنانی شوێنکەوتووەکانیان بە وابەستەبوون بە دەمارگیریی هزرییانەوە. تۆماس مامۆستاکەی بەگەلێ لە زانستەکان ئاشنای کرد، لەوانە ئەندازەو ژمێریاریو مۆسیقاو ئەستێرەناسیدا. قەڵای مۆنتی سان جۆڤیانی کامبیانۆ لەتەمەنی نۆزدەساڵیدا تۆماس بەتەواوی پێوەندی کرد بە دۆمینیکانەوەو ئەو نەزمە نوێیە تازە دامـەزراوەی پەسەند کرد. تۆماس لە گۆڕانکارییە هزریو رۆحییەکەیدا رەچاوی سەرنجی خانەوادەکەی خۆی نەکرد. هەربۆیە لەهەوڵی رێگریکردن لە دەستێوەردانی سیۆدۆرا بۆ هەڵبژاردەکەی تۆماس، دۆمینیکەکان تۆماسیان گواستەوە بۆ رۆماو دواتریش لە رۆماوە چووە پاریس. هەرچەند کە لەمیانی گەشتێکی تۆماسدا بۆ رۆما، بەگوێرەی زانیارییەکانی سیۆدۆر، براکەی توانی تۆماس دەستبەسەربکاتو بیگەڕێنێتەوە بۆلای دایکو بابی. دیارە کە بەپاساوی خواردنەوە تۆماسییان لە قەڵای مۆنتی سان جوڤان مۆنتیانۆدا، بەندیان کرد. بۆماوەی ساڵێک لەو قەڵایەداو لەلایەن خێزانەکەیەوە دەستبەسەر بوو، ئەوەش تەنێ لەپێناو دوورخستنەوەی بوو لە و بیروباوەڕە نوێیەی دۆمینیکانو پەسەندکردنی وەک لایەنێکی رۆحی لە زیهنو رۆحی تۆماسدا.

نیگەرانییە سیاسییەکان رێگرییانکرد لەوەی پاپا هەوڵی ئازادکردنی تۆماس ئەکیونی بداتً، هەربۆیە ئەمەش کاری کردە سەر زۆربوونی ماوەی دەستبەسەرکردنەکەی تۆماس. تۆماس ماوەی دەستبەسەرکردنی بە وانە وتنەوەی کچانی کڵێساو ئەندامانی دۆمۆنیکانو پێوەندیکردن لەتەکیان گوزەراندی. هاوکات ئەندامانی خێزانەکەی بەتەواووی نائومێد بوون لەوەی

که تۆماس ئاشناکەنەوە بەنەزمی کلاسیکیی ئایندارییی خۆیان. تۆماس لەسەر درێژەدان بە رەوگەی دۆمۆنیکان سوربوو.

بۆیە خانەوادەکەی‌و دووان لەبراکانی بیریان لە بەکرێگرتنی ژنێکی لەشفرۆش کردەوە تا لەو رێگەیەوە لەخشتەی بەرن. بەگوێرەی ئەفسانەیەک لەبارەی تۆماسەوە ئەو ئاسنی گەرم‌و سورەوە بووی دەخستەسەر دەستانی تاوەکو بێئاگا بێت لەئافرەتەکە تا رادەیـەک کە لەخەونیدا دووان لە فریشتەکانی ئاسمان دێنە لای‌و پەیمانی بەهێزی‌و خۆڕاگریی پێدەدەن. دیگۆ ولاسکز دەڵێ کە ئەو فریشتانە کەمەربەندی پیرۆزو پاکییان ئاڵاندۆتە تۆماس، ئەمە هەمووی لەساڵانی 1244 ز بووە. دوواجار سیۆدۆر پاش ئەوەی هەموو هەوڵەکانیان شکستیان هێنا بۆ پاشگەزبوونەوەی تۆماس، ئیدی بۆ پاراستنی نێوبانگی بنەماڵەکەیان  رێگەی بۆ تۆماس خۆشکرد تاوەکو لەپەنجەرەی بەندییەکەیەوە هەڵبێت‌و قوتاربێت. چوون بەخەیاڵی خۆیان قوتاربوونی زیانی کەمتربوو لەوەی بمێنێتەوەو کاریگەریی دابنێت. ئیدی نێردرا بۆ ناپۆلی‌و دوواتر بۆ رۆما تاوەکو چاوی بە یۆهانس ڤۆن بکەوێت، کە گەورەی دۆمینیکانەکان بوو لەوکاتەدا.

**پاریس، کۆڵۆنیا، ئەلبێر ماگنوس، گرتنە دەسەڵاتی هەوەڵ نێوەندی خوێندن لە پاریسدا(1245_1259)**

لە 1245دا تۆماس ئەکیونی نێردرا بۆ فاکەڵتی ئاداب لە زانکۆی پاریس.  لەوێ زێدەتر چاوی دەکەوت بە کۆڵەری بەنێوبانگی دۆمینیکان ئەلبێر گاگنوس. پاشان وابەستە بوو بە کورسی خوێندنی ئیلاهییات لە زانکۆی سانت جیمس. هەر لەوکاتەدا ئەلبێرت نێردرا بۆ کۆلۆنیا لەساڵی 1248. هەر لەو دەمەدا تۆماسیش شوێنی کەوت، لەوێ لەلایەن پاپاوە

وەک سەرۆکی دێری مۆنتی کاسیۆی دۆمۆنیکان ناسێنرا. هاوکات وەک خوێندکارێک بەرز بووەوە. دیارە کە تۆماس لەبەر ئەوەی بێدەنگ بو وە و فرە بەکەمی دەدوا، لەلایەن هاورێکانییەوە وەک کەڕولاڵ ناسرابوو.

لەم بارەیەوە ئەلبێرت بەهەمووانی راگەیاند: دیارە کە ئێوە وا بەتۆماس دەڵێن، وەلێ دڵنیابن کە رۆژێک دێت کە دەنگدانەوەی وەک بۆمبێک هەموو دونیا گوێی لێدەبێت. تۆماس لە کۆلێژی کۆلۆنیا وەک شاگردی پرۆفیسۆر وانەی دەوتەوە، وانەکانی لەبارەی کتێبی پیرۆزی سەردەمی کۆنو وانەکانی ئەشعیاو گەلێ لە وانە سەرەکییەکانی کڵێسا بوو. لەساڵی 1252 دا گەڕایەوە پاریس تا لەوێدا خوێندنی ماستەر لە خودا ناسیدا بخوێنێت. سێ ساڵی دووای ئەوە خۆی یەکلایی کردەوە بۆ دیراسەکرن لەسەر حوکمەکانی پیتەر لامبۆرد. تۆماس لەو ماوەیەدا چەندین دانراوی هەبوو، هەموو ئەوانە کتێبی ئاینیو فەلسەفی بوون لەسەر بوونو کرۆکی بوون و گەلێ نوسراویشی لەبارەی یاساو رێساکانەوە هەبوو.

لەبەهاری 1256دا تۆماس وەک جێگری سەرۆکی زانکۆی پاریس دەستنیشانکرا، لەوکاتەدا هەوەڵ دانراوی برێتی بوو لە پەرتوکێک لەسەر ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر بەندایەتی خوداو ئایین. هەموو ئەم بەرگرییانە لە هێرشەکانی ولیان سانت عمورەوە سەرچاوەی گرت. لەماوەی بەدەستهێنانی پۆستەکەیدا لەوێ 1256 بۆ 1259 دا دیسانەوە گەلێ کاری باشی نوسی لەوانە لەبارەی ئەو گرفتانەی کە ناکۆکییان لەسەر راستی هەیە. لەوێدا توانیبووی پرسو جۆی 29 پرسی گرنگ لەبارەی باوەڕو رەوشی مرۆڤەوە بکات، هاوکات لەدووا کاتی ویلایەتەکەیدا تۆماس یەکێک لە هەرە کارە بەنێوبانگەکانی دەستدایە کە برێتی بوو لە

کورتەی وەسەنییەت. دیارە کە لەرێگەی سیمینارو گفتوگۆو پرسو جۆی مەنتقییەوە گەلێ لە رەهەندە زیندووەکانی ئەودەمەی دەخستە بواری وتنەوەو بیرو هزری خوێنکارەکانی دەجولاند.

## چۆن فەلسەفە لە خوداناسییو ئیلاهیات جیاوازە؟

پێویستە هەر لە سـەرەتـاوە ئـەوە رابگەیەنرێت کە فەلسەفە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە لە زانستی خوداناسی. تۆماس ئەکیونی دەیهەوێت هەر لەسەرەتاوە لەمە تێبگەن کە فەلسەفە واتا خۆشەویستی دانایی، لەبەرامبەردا خوداناسیش یان پیۆلۆجیش واتا کۆلینەوە لەبارەی خواوەند.

خەلکانێکی فرە گریمانەی ئەوە دەکەن کە فەلسەفەو ئیلاهییات هەمان شتن، یاخۆ پێیانوایە کە فەلسەفە بریتییە لە کۆلینەوە لەبارەی ئایینەکان، دیارە کە ئەمە تەواو راست نییە. چوون فەلسەفە پێداگریدەکات لەبارەی ماریفەی سروشتیو ئیلاهییاتو خوداناسیش سەرنجی لەسەر ماریفەی سەروو سروشتو نادیارەوەیە. یاخۆ رەنگە بلێین کە فەلسەفە پەیوەستە بەوەی کە ئێمە دەتوانین چی بزانین بەبەلگەو هۆکاری لۆژیکیی. لەهەمانکاتدا ئیلاهییاتو خوداناسیش پەیوەستە بە راستییەکی زانراوەوە لە رێگەی پێغەمبەرایەتیو سروشێکی پیرۆزو خوداییەوە. وەختێ فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتۆن، لەبارەی بوونی رۆحی مرۆڤەوە لەپاش مردن رادەماو رۆدەچوو لە مشتومڕدا، ئیدی دەرگیر دەبوو لەتەک فەلسەفەدا، دیارە کە بە رەوگەی بەلگە گەلێکی لۆژیکییەوە تێدەما. هەروەها کاتێ موسا قسەی لەتەک خواستی خوای ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقوب کرد، ئەوا دەرگیر بوو لەتەک نومایانی راستیگەلێکی سروشیو خواییدا .

دیارە کە ئەمە لەتەک لاهوتو ئاییندا یەکدەگرێنەوەو لامو جیمی تێدانییە. کەواتە فەلسەفە ناڕوانێتە رەوگەی پێغەمبەرایەتیو پێناوێکی رۆحیو سروشی بۆ نومایانی زانیارییو راستییەکان، وەلێ ئایین لەو رەوگەدا ئەسپی خۆی تاودەدا. لەم سۆنگەیەوە فەلسەفە پێکهاتەیەی ماریفەتو زانیاریگەلێکە کە لەڕێگەی بەڵگەو هۆو هۆکارەوە ئێمە پێی ئاشنا دەبین. هەروەک چۆن ئایین ناسیش یان سیۆلۆجی بریتییە لە چوارچێوەیەکی مەعریفی کە ئێمە لە رێگەی زانیارییەکی خواییو نومایانێکی سروشییەوە پەی پێدەبەین.

**فەیلەسوفە هاوچەرخەکان، بەمە رازی نابن**

فەیلەسوفە هاوچەرخەکانو لاهوتە هاوچەرخەکان، لەبواری گومانو گریمانەیەکی مەجازیو شاراوەدا رۆچوونو کاردەکەن. کە بەتەواوی لێکجودانو دوورن لەیەکدییەوەو پێوەستی لەنێوانیاندا نییە. تۆماس ئەکیونی ئەمەی بەم رێگەو رەوگەیە نەبینی. تۆماس سەبارەت بەو دوو دیسپلینە، روانگەی پەیوەست بەخۆو رەوگەی تایبەت بەخۆی گرتبووە بەر. وەلێ هیچ کام لەم رەوگانە نە لەتەک یەک ناتەبا بوون نەیش دابەشکرابوون. لەلای تۆماس فەلسەفە برێتی بوو لە دەستگرۆو خادمی لاهوتناسیو ئایین. ئەمە مانای وایە کە هێزی راستییەکانو عەقڵ لەڕێگەی بەڵگەوە دەزانرێن، بەڵگەو عەقڵ دەتوانن دەستگرۆو یاریدەدەری پیاوانی ئایینیو لاهوت بن. لێرەدا کلیلێک بۆ ئەوەی لە تۆماس تێبگەین ئەوەیەکە بڕوانینە فەلسەفەو لاهوت وەک دوو بەرەی تایبەتمەنددراو جیاواز لەیەکتریی نە وەک دوو بازنەی ناپەیوەستو بێ پەیوەندیی. تۆماس وادەبینێ کە بێ باوەڕیو ئیلحاد لە دورگەیەکدایە، کە ژیان لە و نێوەندەدا شوێنێکی نییە، لەوێ

دەتوانی راستەقینە بزانیت، کە خودا بوونی هەیە. دیارە کە ئەمە شتێکە ئاتاجی بە هۆیەک نییە بۆ ئەوەی کەسێک بیزانێت.

ئەمە راستییەکی فەلسەفییە کە ئایین نایهەوێتو نایخوازێت. لەمێژودا خەڵکانێکی ئێجگار زۆر هەبوونە کە بەبێ بوونی بە پەڕاوی پیرۆز باوەڕیان بە خودابوو. سوکراتو ئەفلاتۆنو ئەرستۆو شیشرۆن، نمونەگەلێکن لە بیرمەندانی ئیلحادو بێباوەڕ کە وا دادەنێن باڵاترین خودا، خودایەکە کە بەسەر هەمووواندا بەتواناو باڵادەستە. هەقیقەتێکی تری فەلسەفی راستییەک لە خۆ دەگرێت کە خودا جیاوازە لە خەڵک و دروستکراوەکان، هەروەک چۆن کە مرۆڤ جیاوازە لە بونەوەر و ئاژەڵان.

مرۆڤەکان خاوەن رۆحنو یاساگەلێکی ئەخلاقی تێیاندا بوونیان هەیە. بۆ نموونە دوورکەوتنەوە لە کوشتن، هەقیقەتێکی فەلسەفییە، دەکرێت لەرێگەی عەقڵەوە بزانرێت، چوون ئەم تۆرەمە ئەخلاقییانە دەکرێت بناسرێنەوەو هیچ ئاتاجیش بە سەرچاوەکانی ئایینو کتێبی پیرۆز نەبێت.

**تۆماس وەک فەیلەسوف**

تۆماس ئەکیونی وەک راستییەکی فەلسەفی هەمو ئەمانە دەناسێنێو پێشبینیش دەکات کە کەسێک بە بەکارهێنانی بەڵگەی دروستو لۆژیک بگات بە هەموو ئەو راستیانە. هەروەها و لەهەمان کاتیشدا تۆماس پێی وایە کە راستیگەلێکی تریش هەن کە هەرگیز لە رێگەی عەقڵو بەڵگەی لۆژیکییەوە ناتوانرێت پەییان پێببرێت. بۆ نموونە تۆماس پێی وایە کە خودا سیانەی پیرۆزە، ئەوەیش راستییەکی نومایانکراوە. داکۆکی دەکات کە خودا تەنێ بە بەڵگەو لۆژیک ناناسرێت .

ئـەوە شتێکە پەیوەستە بـەبـاوەڕوو خــوداوەو لـەو ڕێگەیەوە نیشاندەدرێت. هەروەها خۆهەڵکێشان لە ئاو و باوەڕداربوون بە مەسیح یاخۆ هاتنەوەی عیساو فەرمانبەرداربوون لە مەرگو ژیاندا، هەموو ئەوانە ڕاستییەکی ئاینیینو لە ڕێگەی سروشو پێغەمبەرایەتیو ڕۆحی ئاینەوە شوناسیان پێدراوە. لێرەدا خشتەیەک هەیە کە تایبەتمەندیو جیاوگەکانی ئاینیی نیشانداوە:

ڕاستییە فەلسەفییە ناسراوەکان لە ڕێگەی عەقڵو بەڵگەوە بریتین لە: خوا بوونی هەیە، خودا یەکێکە، مرۆڤ خاوەن ڕۆحێکی جاویدانو نەمرە، دزیی مەکەن.

هاوکات ئەم ڕاستییە ئاینییانەیش لە ڕێگەی سروشو نیگای خواییەوە ناسراون: عیسا کوڕی خودایە، بەهەشتو دۆزەخ، لە ئاو هەڵکێشان سوێنخواردنە، دەبێت عیسا داوەری زیندووانو مردووان بکات. نمونەکانی سەرەتا ڕاستیگەلێکی فەلسەفینو لە ڕێگەی عەقڵەوە ناسێنراون، هەروەک چۆن نموونەکانی دواتر ڕاستیگەلێکی ئاینیین و لەڕێگەی سروشی خواییەوە ناسراونو پێمان گەیشتوون.

تۆماس ئەکیونی ئاماژە دەدات بە ڕاستییە فەلسەفییەکان وەک دیباجەی باوەڕو ئیمان. چوون وشەی praeambula لە زمانی لاتینیدا بەواتای ڕا ڕۆیشتن دێن، لێرەدا مەبەستی تۆماس ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی ڕێ ڕۆیشتنو بەرگوزاری پێش قۆناغی باوەڕو ئیمانن.

**خودا نەناسان دەتوانن چ بزانن؟**

خودا نەناس دەتوانێت بزانێت کە خودا یەک بوونی هەیەو هاوکات خاوەن ڕۆحێکی جاویدانی هەتاییشە، هەموو ئەمانە دەتوانێت پێیان

ئاشنابێت پێش ئەوەی ببێتە ئاکێکی مەسیحیی. لەلای تۆماس ئەکیونی، ڕاستییە ئایینییەکان دروست وەک وەڵامەکانی هەموو ئەو نموونانەن کە لە کۆلۆمی لای راستەوەن، وەلێ بۆچی پرسەکان خراونەتە لای چەپەوە.

بۆنموونە گەر خودایەک هەیەو ئێمەش رۆحمان هەیە، ئێمە پێویستە چی بکەین دەربـارەی؟ کەواتە پرسی فەلسەفی سەرمان دەکێشێت بۆ پرسێکی ئاینیی. یا داوەری ژیانی تۆماس ئەکیونی بکە کە چۆن بوو لەتەک فەیلەسوفانی پاریسدا، روشدییەکان هەموو ئەوانە بوون کە بانگەشەی هەقیقەتی فەلسەفییان دەکردو لەتەک هەقیقەتی ئایینخوازیدا ناتەبابوون.

روشدییەکان بانگەشەکەیان خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە فەلسەفە رەوگەیەکی دروسـتو کـەلامو خوداناسیی نادروست، یاخۆ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لە هەر رەوشێکدا هەقیقەت لەهەر یەکەیاندا ناتەبایە لەتەک ئەویتردا. وەلێ لەلای تۆماس ئەوە ناکرێت دروستبێت، چوون خوا دانەری هەردوو ئاراستەی هەم هەقیقەتی فەلسەفیو هەمیش هەقیقەتی کەلامو ئایین خوازییە. کەواتە لەلای تۆماس هەردوو ئاڕاستەکە دروستو هەردووکیشیان تەواووکەریی یەکتریین .

تۆماس لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: بەخششو رەحمەت تەواوکەری سرووشتە، هەر وەک چۆن دەکرا تۆماس بیوتایە: خواناسیو ئایین تەواوکەری فەلسەفەیە.

هەروەها یان داوەریی بکە چۆن مەسیحیگەلێکی لە خواترس وەختێ لەلایەن ئەڤیرۆریستە فەلسەفییەکانەوە هەڕەشە و گوڕەشەیان لێدەکرێتو دەخـوازن لە راستییە فەلسەفییەکانەوە خۆیان ببیننەوە و قوتاربن لەو دۆخو دونیایەی کەتێیدان. چوون ئەوانی مەسیحی تەنێ دان بە راستیە کەلامییەکانی کتێبی پیرۆزو مەزهەبو میتۆدیی ئایینیدا دەنێن.

ئەوان وایان لێکداوەتەوەو پێشبینییان کردووە کە تەواوی ڕاستییەکان دەبێت لەپێچی سروشو پیرۆزی خواوە سەرچاوەبگرنو تەنانەت بەخششی عەقڵو زیهنی مرۆڤیش هەر دەبێت لەلایەن سروشەوە بخرێتە گەڕ، بۆ نمونە لە زیهنی ئەواندا دوو کۆی دوو کاتێک دەکاتە چوار، دەبێت لە پێودانگی زانیارییەکانی ئایینەوە هەڵگۆزرابێت. وەلێ تۆماس ئەکیونی وادەبینێت کە نیعمەتو بەخشیشەکان لەتەک هەموو ئەوەی پەیوەستە بەسروشتەوە، فەلسەفەو خواناسی، عەقڵو ئیمان هەموو ئەمانە تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیان هەیە وەلێ دەبێت لەبیرمان نەچێت کە هەمووان تەواوکەری یەکترینو تاتاجیان بەیەکەو لێک دانەبڕاون. لەهەمان کاتدا ئەو چەندینجار دەستەواژەی دوبەرابەریی بۆ پەیوەندیداریی بەکترییەوە بەکاردەهێنێت.

**پێویستە چی بزانرێت لەبارەی فەلسەفەو خوداناسییەوە**

لەکۆتایی هەموو ئەم زانیارییانەدا، لە زانیارییو وردبوونەوەکانی تۆماس ئەکیونی دا گەیشتوینەتە ئەم خاڵانەی خوارێ:

1 . فەلسەفەو کەلام، چوون عەقڵو ئیمان وەهانو تەواوکەری یەکترین، چونکە خودا دانەرو کردگاری هەردوکیانە.

2 . فەلسەفە پەیوەستدەبێت بە هۆکاری عەقڵییەوەو خوداناسیش پەیوەست دەبێت بە سروشی خوداییەوە.

3 . ئەوە هەڵەی ڕوشدییەکانە کە برەو دەدەن بە وەی فەلسەفە لەبەرەی دژی خوداناسیدا بهێڵنەوە.

4. هاوکات ئەوەش هەڵەیە کە هەقیقەتە فەلسەفییەکان لەپێناو بەرگریکردن لە خواناسی نکولییان لێبکرێت .

## چۆن وەک تۆماس ئەکیونی بیربکەینەوە

گەر بمانەوێ کۆڵینەوە لەبارەی تۆماس ئەکیونیەوە بکەین، سەرەتا پێویستە ئاشنابین بەوەی کە ئەو چۆن بیریکردووەتەوە. تۆماس فرە جەختی لەوبارەوە دەکردەوە کە ئێمەی مرۆڤ چۆن ئاشنابینو ماریفەتمان هەبێت لەبارەی شتەکانەوە. لەم بارەیەوە وشەی فەنتازیو لەبار بۆ کۆڵینەوەو خوێندنی زانیین بریتییە لە ماریفەت ناسیی. تۆماس ئەکیونی خاوەن ماریفەتناسییەکی ئێجگار سادەو رەوانە یاخۆ حسابی ئەوەی کردووە کە چۆن ئاشنابین بە شتەکان. تۆماس بیردەکاتەوە لە تێرمە زانستییەکانو بونیادی ماریفەت. ئێمەیش بیردەکەینەوە لە زانست وەک زانستی فیزیاو گەردوون ناسی. تۆماس وشەی scientia ( وشەیەکی لاتینییە بۆ ماریفەت) بەکارهێنا. ئەوەیش بۆ ناساندنو پێناسەی پێکهاتەو بونیادی ماریفەت بوو.

هەموو ئەم زانستانەی کە ئەمڕۆ ناومانن لە بابەتەکان. لەلای تۆماس باڵاترینی زانستەکان زانستی خواناسییە، یاخۆ کۆڵینەوەیە لە سروشی خوایی بۆ مرۆڤ، چوون تۆماس وادەبینێت کە هەموو هەقیقەتەکان لە خوداوە سەرچاوە دەگرن. لەئاکامیشدا تەواوی زانستەکانی تری وەک ماتماتیکو ئەخلاقو فەلسەفە لە هەماهەنگیدان لەتەک زانستی خواناسیو سیۆلۆجیدا. وەک ئەو پەندەی کە دەڵێ: هەموو هەقیقەتەکان، هەقیقەتی خوایین. کەواتە ئێستە سیۆلۆجیو ئایین ناسیی جیاوازە لە تەواوی زانستەکانی تر. چوون کۆڵینەوەو وتوێژە کەلامییەکانو ئاینییەکان لە خوداوە دەستپێدەکەنو پاشان دادەبەزێنرێنە سەر ئاکێکو لەوێشەوە بۆ دەوروبـەرو مرۆڤ ئاڕاستە دەکرێن. وەلێ لەلایەکی ترەوە فەلسەفە بە ئاڕاستەیەکی جودا کاردەکات. چوون مشتومڕ و وردبوونەوە فەلسەفییەکان لە زانیارییو ماریفەتی جیهانەوە سەرچاوە دەگرن و پاشان دێنە سەر تێگەیشتنێکی فرە سنووردارو ئەبستراکی خوا.

**تۆماس زانستەکان شیتەڵدەکاتەوە بۆ سێ پۆلێنی سەرەکی:**

زانسته پراكتیكییەكان، زانسته تیۆرییەكانو زانسته بەرهەمدارەكان.

زانستی تیۆریی: خوداناسیی(كۆڵینەوەو خوێندن لەبارەی خودا)، میتافیزیك ( كۆڵینەوە لەبارەی خودی بوون)، ماتماتیك ( كۆڵینەوە لەبارەی ژمارەكان).

زانستی پراكتیكیی: ئیتیك ( كۆڵینەوە لەبارەی كارو ئەكشنەكان)، سیاسەت ( كۆڵینەوە لەبارەی وڵاتان) .

زانسته بەرهەمدارەكان: دروستكردنی كێك، بونیادنانی پردەكان، بەرهەمهێنانی بیرە، تەقاندنەوەو دابەشكاریی لە ئەتۆمەكاندا.

لەئەوڕۆدا ئێمە وادانێین تەنێ زانستە بەرهەمهێنەكان بابەتی زانستیین، چوون ئـەوان بەشدارن لە ئەندازەگیریی شتە مادییەكاندا. بابڕوانینە نموونەیەك كە یاریدەمان دەدات لە جیاوازییەكان تێبگەن. زانستە تیۆرییەكان لەوەدا رۆدەچنو قوڵدەبنەوە كە سێگۆشەیەك چییە؟ وەلێ زانستە بەرهەمدارەكان لەوەدا بیردەكەنەوە كە سێگۆشەیەك چۆن بەكاردێتو چۆن دروستدەكرێت.

لێرەدا خشتەیەك هەیە كە جیاوازی نێوان ماریفەی تیۆرییو ماریفەی پراكتیكیی لەتەك پێوەستی بە سێگۆشەیەكەوە پیشان دەدات:

ماریفەی تیۆریی سێگۆشەكان: سێ ڕوون، سێ گۆشەن، كۆی گۆشەكان یەكسانە بە 180 پلە.

ماریفەی بەرهەمداری سێگۆشەكان: سێگۆشەكان بەهێزترن لە چوارگۆشەكان، سێگۆشەكان بۆ پردە هەڵواسراوەكان بەسوودن، نوكی تیرەی سێگۆشەكان كاریگەرن. هەر لەم پێوەدانگەشەوە جیاوگەكانی تۆماس لە نێوان مەعریفەی تیۆریو پراكتیكیو بەرهەمهێنەكانەوە پەیوەستە بە

پیشەکەیەوە وەک راهبێکی دۆمۆنیکان. لەنێو کەنیسەی کاسۆلیکیدا هەموو ئەوانە دەژین کە بە شیوە ژیانێکی زاهیدانە، وەک راهیبو راهیبە مەلولو متەکان ژیان دەکەن لەهەمان کاتدا، هەموو ئەوانەبش کە شێوە ژیانێکی ئەکنیڤو پراکنکییان هەیە وەک ئەسقەفو کەشیشو خەڵکە ئاساییەکان ژیان دەکەن. دۆمۆنیکانەکان هەوڵدەدەن هەردوو زاهیدو دەستۛ لە دونیا شۆریوەکان لەتەک ئەکنیڤو کاراکان تێکهەڵکێش بکەن. بەم شێوەیە بەدووی ژیانێکەوەن کە بەتەواوی چالاکییە تیۆریو پراتیکییەکان لە ئامێز بگرێتۛ .

# هەستی پێنجەمت دەروازەیەکە بۆ ماریفەو زانست

تۆماس باوەڕی وانەبوو کە کەسێک وەختێک لەدایک دەبێت ماریفەو زانستی زگماگی لەتەکدایە. گەر وابیرکەینەوە کە مێشکت وەک کۆمپیوتەرێکە، تۆماس وای بۆچووبوو کە ئەوە وەک درایڤی بلاک هاردە. چوون بە دڵنیاییەوە مێشکی مرۆڤ پێشوەخت زەمینەسازی بۆکراوەو ئاراستە دەکرێت بۆ هەقیقەت. یاخود وەک ئەوەیە مێشکی مرۆڤ پێشتر سۆفت وێردی تێدا دابەزێنراوە، وەلێ هیچ داتایەکی تێدا نییە. دروست دەویسترێت بوترێت کە کۆمپیوتەر بە خۆی و بەرنامەکانییەوە وەختێک هەیە، هیچکام لە دۆکیۆمێنت و زانیارییەکانی تێدا نییە. ئەدی دوواتر چۆن داتاو زانیارییەکان دەست دەخەین؟ تۆماس دەڵێ ئێمە خاوەن پێنج دەرووی چوونەژوورەوەین بۆ چنگ خستنی داتاو زانیارییەکان یاخۆ بەدەستهێنانی ماریفەت، ئەوانەبش: هەستی بینین، بۆنکردنن، بیستن، تامکردنو بەرکەوتنن. داتای ئەم هەستە بەنێو هەستەکاندا تێدەپەڕێت بۆ نێو هۆشو عەقڵو لەوێوە پرۆسەکە دەست پێدەکات. داتا لەم هەستانەوە سەرچاوە دەگرێت. سیستەمی کارکردنت ئەو پرۆسەیە بەگەڕ دەخات. ئیدی هۆشو عەقڵی کارا رۆڵی خۆی دەبێت. چوون لەسەر خۆی وەستاوە تاچەند بەتۆکمەیی زانیارییەکان بهێڵێتەوە واتە لە هارد درایڤ یاخۆ میمۆریی هۆشو عەقڵدا.

### فۆرمو مادە

تۆماس ئەکیونی وادەبینێ کە هەموو شتە فیزیاییەکان لە فۆرمو مادە پێکهاتوون. لێرەدا فۆرم برێتییە لە ئایدیاو مادەیش برێتییە لە شمەک. گەر

نموونەیەک وەربگرین، ئەڵقەی هاوسەرییەکەم، شێوەی بازنەییەو شێوەی لولەکەی کورتەو ئێمە دەزانین کە ئەڵقەیە. مادەکەیش ئاڵتوونە، وەختێک زەڕنگەر وادادەنێت شێوەی مادەکە بازنەیی بێت، ئیدی دەبێتە ئەڵقەی هاوسەریی.

فۆرمەکە ریک وەک ئایدیا یان شێوەی شتەکانەو مادەکەیش  دروست ئەوەیە کە لێی دروستکراوە. دیارە بەشێوەیەکی بنچینەیی جیاکەرەوەی نێوان مادەو فۆرم لە ئەفلاتۆنەوە سەرچاوەی گرتووە. بونێوبانگترین خوێندکاری ئەفلاتۆن، ئەرستۆ هاتە پێشێ‌و دووانی تری بۆ زیاد کرد. ئیدی ئەمە ئەو شوێنە بوو کە تۆماس ئەکیونی چوار هۆی بۆ ناساند. ئەوانیش بریتین لە: هۆکاری فەرمیی(ئایدیا)، هۆکاری ماددی (شتومەکو شت)، هۆی کاریگەرو هۆکاری کۆتا (مەبەست).

**چوار هۆکار**

چوار هۆکار لەنێو گرنگترین چەمکەکانی تۆماس ئەکیونیدایە کە، تۆ دەتوانیت لێیان بگەیت. چوون بەبێ تێگەیشتن لەوانە لە قوڕاوێدا گیر دەمێنیت. سەرەتا بە وشەی هۆکارەکە ناکرێت سەرمان لێبشێوێت. چوون لێرەدا وشەکە واتای هۆ و کاریگەریی ناگەیەنێت. چوون ئەوە واتای هۆیەک دەگەیەنێت بۆ شتێک. دووا هۆکاریش ئامانج یاخۆ مەبەستە. هۆکاری فەرمیش بیرۆکەی شتێکە. هۆکاری مەتریاڵی شتومەکەکانە کە لە چ شتێک دروستکراوون. هۆکاری کارایش ئاداتێکە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە دەچینە نێو نموونە گەلێکەوە.

**نموونەی چوار هۆکاری رۆمانێک یاخۆ نۆڤێڵتێک**

نموونەی رۆمانێک وەربگرە، هۆکاری فەرمی تێیدا خودی

چیرۆکەکەیە. هۆکاری ماتریاڵیش بریتیین لە پەڕەی لاپەڕەو مەرەکەب و ستوون‌و پێکهاتەی ئەوشتەیە کە لەسەری دەنوسرێت. هۆکاری کارایش بریتییە لە نوسەر، ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتی‌و بە قەڵەم‌و کاغەز رۆمانەکە دەنوسێت. دووایین هۆکاریش مەبەستەکەیە، بۆ چ هۆکارێک مەبەست‌و ئامانجێک نوسەر دەستی داوەتە نوسینی رۆمانەکە. دیارە کە مەبەستەکان لە نوسەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە هەمە چەشنەن. هەندێک نوسین بۆ نێوبانگ‌و هەندێک بۆ پوڵو پارەن، هەندێکی دیکە دروست مەبەستیانە چیرۆکێکی باش بنوسن.

**نمونە: چوار هۆکار لە یاریگایەکی تۆپی پێدا**

پاشان نموونەیەکی گۆڕەپانی تۆپی پێ وەربگرە، لێرەدا هۆی فەرمی چییە؟ بریتییە لە پێشنیازو پلانی گۆڕەپانەکە. ئەدی هۆکاری ماتریاڵی چییە؟ هۆی ماتریاڵی بریتییە لە چیمەن‌و خاک‌و وردە چەوو و ئاسن‌و هتد. هەموو ئەوانە کە بەکارهێنراون بۆ دروستکرانی ستادیۆم یاخۆ گۆڕەپانەکە. هاوکات پێویستە هۆکاری کارایش بزانرێت. هۆکاری کارا لە کۆتایدا برێتییە لەوانەی کە ئامادەسازی‌و رێکخستن دەکەن بۆ پێدانی پوڵو ئەرکی خاوەنی ستادیۆمەکەو خاوەنی تیمەکە. هاوکات ئەم هۆیە خۆی دەبینێتەوە لەو ئەندازیارەی کە دیزاینی گۆڕەپانەکەدەکات‌و تەنانەت ئەوکرێکارانەی ساخت‌و سازیش دەگرێتەوە کە بونیادی کارەکە دەنێن‌و پەرژین‌و کاری برق‌و هەموو شتەکانی رێک دەخەن. دواجار دەبێ بشزانرێت هۆکاری مەبەست‌و ئامانج لە ستۆدیۆمێکدا چییە؟ دیارەکە ئەوانیش هەمەچەشنن، یاخۆ هەوڵێکە بۆ گردکردنەوەی پوڵو پارە یاخۆ زەمینەیەکە بۆ چێژوو کات بەسەربردن بە فوتبۆڵ.

**نموونە: چوار هۆکارەکانی لازانیا**

گەر نموونەی لازانیا وەربگرین، سەرەتا لەهۆکاری فەرمی لازانیادا بریتییە لەدەستووری کارو ڕێگەی سازکردنی ئەم خواردنەو ڕێوشوێنە پێویستەکانی. هۆکاری ماتریاڵیش لەم خواردنەدا برێتیە لە تەماتەو پەنیرو مەعکەرۆنیو پێکهاتەکانی دیکەی. هۆی کارایش لەم خواردنەدا برێتییە لە ئاش پەزەکەی یاخۆ هاوژینت. هۆکاری مەبەستدارو ئامانجیش برێتییە لە خۆراکدان بە خێزانتو چێژبەخشین پێیان بەرێگەی ئەو جۆرە خواردنە. دیارە کە فەلسەفە هەرگیز چێژبەخش نەبووە.

**بەکارهێنانی چوار هۆکارەکە بۆ پێناسەکان**

چوار هۆکارەکە رێگەیەکی بەسودن لە هەڵسەنگاندنو خەملانی ئـەوەی شتەکان چیین. چـوار هۆکارەکە یـاریـدەت دەدەن بەڕوونی بیربکەیتەوەو قسە بکەی. لەلای تۆماس ئەکیونی هەمیشە پێناسەی پێویست چوار هۆکار لەخۆیدا بەرجەستە دەکات. بۆنموونە کاتێک تۆماس پێناسەی یاسا دەکات. ئەو پێناسەی یاسا دەکات بەوەی کە فەرمانی عەقڵە لەپێناو باشییەکی هەمەلایەنەو چاودێریی کۆمەڵگەدا. تێیدا خاوەن چاودێری کۆمەڵایەتییە پەنا بە خواستەکانی نوێنەرەکانی لەو جڤاتەدا. فەرمانی عەقڵ هۆکاری فەرمییە، هاوکات دەرچواندنی یاساکەیش وەک دۆکیۆمێنتێک هۆکارە ماتریاڵییەکەیە، هاوکات هۆکاری کارایش برێتییە لە قازیو پێکهاتەی تەشریعیی کە لەمیانەکەدا بوونی هەیە، دواجار هۆی ئامانجو مەبەستیش برێتییە لە بەرژەوەندی گشتی لە میانەکەدا.

پێناسەی یاسا: فەرمانی عەقڵ پەنا بە خواستی نمایندەکانی دەردەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی شیاوەوە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

چوار هۆکارەکەیش: هۆکاری فەرمی(ئایدیا)، هۆکاری ماتریاڵی(شتومەک)، هۆکاری کارا(بریکار)، دووا هۆکار (مەبەست).

لە کۆی هەرچوار هۆکارەکەداو لەمیانی پێناسەی یاسادا ئەوە سەلمێنراوە بۆ خوێنەر کە ئەم مێتۆدە بەسەر تەواوی زانستەکاندا رێکخراوە. بۆ نموونە ئەو نەزمە لە زانستی خودا ناسیدا بەکارهێنراوە بۆ پێناسەی شتانێکی وەک پیرۆزییەکانو نهێنییەکانی ئایین.

بۆنموونە هۆکاری فەرمی لە خۆشۆرینی باوەڕداربوونی کەسێکدا بریتییە لەو وشەی کە دەڵێت خۆم دەشۆم بۆ تۆ بەنێوی باوکو کوڕو رۆحی پیرۆز. هۆی ماتریاڵی لێرەدا برێتییە لەئاو، هۆکاری کارایش کاهنی نهێنییەکەیە، ئەوەی کە دەیهەوێت ئەوە بکات کە مەسیح ئەنجامی داوە، هۆکار کۆتایش یاخۆ مەبەست لەمەیش راوێژوو رێنیشاندانی کەسی تاوانبارە بۆ ئەوەی لەتاوان پاکبێتەوە و ببێتە مەسیحیی. لێرەدا ئیتر دەبێت لە مەدلولو مانای چوار هۆیەکە تێبگین، تێبگەین کە تۆماس ئەکیونی باش تێدەگات لە زەمینەی فۆرمو مادەو ئیدی راستییەکانی تێگەیشتنی فەلسەفەی تۆماس رەوانترو راستتر دەبینین .

## عەقڵو هزری زیرەک و بەهێز

تۆماس ئەکیونی بە گێڕانەوە لە ئەرستۆ پێی وایە کە هۆشو هزر لە دەستپێکدایە. دروست وەک دەپەیەکی خاوێن کە هیچی لەسەر نەنوسرابێت. وەختێ وێنا دەکرێین، هزرو بیرمان خاوەن هێزێکە تا ئاشنا بین بە شتەکان، وەلێ مێشک هێشتا ئاشنا نابێت بە شتەکان. هەربۆیە تۆماس بانگەشەی ئەوە دەکات کە مەژگ خاوەن هێزو جوڵەیە. چوون مێشکی مرۆڤ هەمیشە خاوەن هێزێکە بۆ ئەوەی نەشونما بکات، لەهەمانکاتدا هزرو هۆشی خودا

هێزی نییە یاخۆ ئاتاجی بەهێز نییە بۆ ئەوەی گەشە بکاتو برەو بە مێشکی بدات. عەقڵی خودا وەک ئەوەی تۆماس ناوی دەنێت بریتییە لە ئاکتێکی خاوێن. خودا لە خوایەتی خۆیدا هۆشی ها بەشتەکانەوەو شتێک نییە فەرامۆشی بکات یان تایبەتمەندی فەرامۆشکردنو لەیادچوون لە هۆشی خودادا نییە. خودا هەموو شتێک دەزانێت. هیچ شتێک بۆ خودا مایەی راچڵەکانو سەر سوڕمان نییە. هاوکات هۆشی مرۆڤ ناتوانێت بۆ هەمیشە بە بۆشی بمێنێتەوە. هۆشی مرۆڤ دێتە پێش تا شتەکان بزانێتو ئاشنا بێت پێیان. تۆماس پێمان دەڵێت کە هۆشو مەژگی مرۆڤ دابەشکراوە بۆ هۆشی کاراو هۆشی بەهێز. هۆشو عەقڵی کارا ئەوەیە کە شتەکان دەخاتەگەڕو کارایان دەکات تا روونو رەوان بن .

**بوون لە مۆزەخانەیەکی تاردا**

نمونەی کلاسکیی رۆشنە رێیەکە کە پەیوەست دەبێت بە بینینو ئاسۆوە. بهێنە پێشچاوت کە لە مۆزەخانەیەکدایت پڕە لە تابلۆی نەستیلەو جوان. ئەوانە هەموو لەوێنو تۆیش لە گەلەرییەکەدایت، وەلێ تەواوی نورو رۆشناییەکانی نێو مۆزەخانەکە خامۆشکراوون. دیارە کە تابلۆکانو چاوی تۆ بەتەواووی کێشەیان نییەو لەوپەڕی وزەو فەرماندان، کەچی هێشتا تۆ ناتوانیت شتێک ببینیت. پاشان گەر کەسێک بێتو رۆشناییەکان هەڵکات. لێرەدا رۆشناییەکە یان گڵۆپەکان دەتوانێت وابکات چاوەکانی تۆ تابلۆکان ببینێت. کەواتە ئە ئەمەیە لەتەک هۆشو مەژگدایە. لەم لێکچواندنەدا دەتوانین بڵێین گڵۆپەکان رۆڵی هۆشو مەژگی کارا دەبینن. کەواتە مەژگی کارا هەستی داتاو زانیاری دەچێنێت لەو ژینگەیەدا کەمرۆڤ رووبەڕووی دەبێتەوە .

**پێوەدان لە لایەن هەنگەوە**

تۆماس زۆرترینی هەموو ئەو جیاوگانەی لە ئەرستۆوە هەڵهێنجاوە. ئەرستۆ دەڵێت عەقڵی بەهێز لە فۆرمی شتێکەوە وەردەگیرێت. بەڵام ئەوە عەقڵی کارایە کە ماریفەیەکی بەهێز دەنێو ماریفەیەکی تەواودا دروست دەکات. عەقڵی کارا بەرپرسە لە بیرۆکەی ئاڵۆز و شاراوە. ئەم بوارە ئاڵۆزو سەختە. رێ بدەن روانگەی تۆماس لەبارەی کاری عەقڵ روونتر شەنو کەو بکەین:

1 . داتاکان خۆیان لە هەستەکان دەبیننەوە وەک بۆنی هەنگوینو ویزەی دەنگو تیژی دەزووەکەی لەسەر رووەکە.

2 . عەقڵی کارا لە فۆرمی شاراوەی داتاکان تێدەگات (هەنگ)

3 . داتاکە روونو ئاشکرا دەبێت( هەنگێک پێوەی دام).

ئەمە ئەو رێگەیە کە عەقڵت دەخاتە گەڕ، پرۆسەی هەنگاو بە هەنگاوە کە روودەدات بە خێرایی. لەلای تۆماس هزری نهێنیو شاراوە بەگەڕ دەخرێت لەلایەن عەقڵەوە، کاتێک کە فۆرمێک لەمادەدا دەردەهێنرێت. بە چێکردنی جیاوگو تایبەتمەندی لەنێوان هێزو کاریگەری لە عەقڵدا، تۆماس دێت پێوەندی فۆرمو مادە لە زەمینەی تێگەیشتنی مرۆڤدا دەهێڵێتەوە. لەلای تۆماس شکڵو فۆرم پەیوەستە بە دەرکو تێگەیشتنەوەو مادەیش پەیوەستە بە هێزو هەرەکەتەوە.

**لازانیا دەچێتە نێو ژیریو عەقڵتەوە**

بیر لە نمونەکانی پێشووتری لازانیا بکەوە، لە وێدا فۆرمەکە بریتییە لە دەستوری چاککردنەکەیو ماددەکەیش بریتییە لە ماکارۆنیو پەنیرو تەماتەو هتد. تەواووی پێکهێنەرەکانی پێکەوە خاوەن هێزێکن بۆ ئەوەی

پێکەوە ببنە لازانیا. وەلێ هەموو ئەوانە هێشتا لازانیا نین. هەتاوەکو بەچالاکییەکی شێوازی کاری دروستکردنی پێکەوە نەخرێنە گەڕو نەبنە ئەو خۆراکەی کە مرۆ دەیهەوێت. کەواتە عەقڵی کارایش دەتوانێت زانیارییەکان بخاتە گەڕ، گەر عەقڵ زانیارییەکان وەرنەگرێت لە رێگەی هەستەوە، ئەوە شتێک نییە بۆ ئەوەی چالاکی پێبکاتو خۆی نومایان بکات.

دیارە کە مادەکات لەماوەی ژیانی تۆماس ئەکیونیدا ئاڵۆزتر دەکران. ئەڤێرۆیستە فەلسەفییەکان لە پاریسێدا و لەشوێنانی تردا لەبانگەشەکردنی ئەوەدا بوون کە عەقڵی چالاک پێوەست نییە بە رۆحی هەموو مرۆڤێکەوەو خاوەن هەمووان نییە. یاخۆ بە جۆرێکی تر پێیانوابوو کە عەقڵی کارا بەشێوەیەکی بەرچاو لە رۆحی مرۆڤەکان جیایەو شتێکە کە هەر مرۆڤێک بۆخۆی دەکرێت تێیدا بەشداربێتو بەشداری ئەو چالاکییە بکات لە عەقڵی خۆیدا. هەر بەگوێرەی روشدییەکان یان ئەڤێرۆیستەکان، یەک بلیۆن مرۆڤی جودا تێکڕا لە بەکارهێنانی هەمان عەقڵی چالاکدان. ئەرستۆ بۆخۆی دەکرێت لەبارەی ئەم خاڵەوە شاراوە و پەنهان بووبێت.

هەرچەندە تۆماس ئەکیونی دەیهەویست پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە هەرتاکێک خاوەن عەقڵی چالاکی پێوەست بە خۆیەتی. بۆ ئەوەیش بەرگری لەم هەڵوێستەی خۆی بکات ئاماژەی بە بەیانییەی ئەرستۆ کرد. دیارە کە ئەوەیش پێویستە بۆ هەموو ئەو جیاوازییانە. واتە رۆحی ئیجابیو کارا لە رۆحدایە. راڤەی تۆماس ئەکیونی لەم کێشەیەدا، لە رازیکردندا بوو، هاوکات ئەڤیرۆیستەکانی تێدا شکست پێدەهانی.

لەروانگەی ئەوەی لەبارەی هزری تۆماسەوە کاردەکەین، بۆیە دەتوانن ئەوە بخەنە روو تاچەندە هێرشو گازاندەی تێدایە سەبارەت بە هەڵەو کەمو کورتییەکانی هزری ئەڤیرۆیستەکان .

# ئایا خودا بوونی هەیە؟

دەکرێت پرسو جۆ لەبارەی بوونی خوداوە وەک پرسو جۆیەکی ئاینیی و سیۆلۆجی لێکبدرێتەوە. پاشتر پرس لەبارەی خوداو سیۆلۆجییەوە بەشێوەیەکی نمونەیی پرسو جۆیەکە تەواوی لەبارەی بوونی خودایە. هەرچەند کە پرس لەبارەی بوونی خوداوە بەتەواوی پرسێکی فەلسەفییە، چون لەو روانگەیەوە بەتەنها دەپرسرێت ئایا خودا بوونی هەیە یان نا؟ لێرەدا ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە خودا کێیەو پلانی لەبارەی منەوە چییە؟.

تۆماس ئەکیونی وەک زۆرێک لە فەیلەسوفەکانی دی وادادەنێت کە پرس لەبارەی بوونی خوداوە یەکێکە لە بابەتە سەرەتاییەکانی پەیگیریی فەلسەفی. بەشێوەیەکی ئاشکرا بوونی خودا جیاوازییەکی فرە دروست دەکات لەبارەی ئەوەی چۆن وێنای جیهانو جیهانێکی تر بکەین. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە تۆماس ئەکیونی باوەڕی وایە بوونی خودا بەدیهی نییە، وابیر ناکاتەوە کە بوونی خودا بەشێوەیەکی خێراو لەپڕ بناسرێت. لەجیاتی ئەوە کەسێک پێویستە لە رێگەی ئەقڵەوە ئەوە هەڵبهێنجێنێت کە بەڵێ خودا بوونی هەیە. دیارە کە ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگە، چوون بوونی خودا بەدیهیو خود نومایان نییەو دەکرێ لەڕێگەی لۆژیکو بە عەقڵ بناسرێتو بەبوونی ئاشنابن .

دەکرێت ئەمە پێچەوانەی ئەوەی سەرێ بێت کە لەبارەی ژیانی بێباوەڕییەوە گوتمان وەختێ کە لە دورگەیەکی دوورە دەستدا دەگوزەرێت.

گەر بێباوەڕێک لە دوورگەیەکی دووردا بۆخۆی بگاتە رادەیەکو بە عەقڵ هەست بەوە بکات کە خودایەک بوونی هەیە، ئەدی بۆچی تۆماس پێی وایە کە بوونی خودا خود نومایان نییەو پەنهانە. دیارە کە گرفتەکە لێرەدا تەنێ لەڕووی واتاوەیە. لە زاراوەی خودنومایانو بەدیهیدا تۆماس وا واتای دەکات کە شتێک بوونی هەیە بە شێوەیەکی ئەگەرو ناڕوون ناتوانرێت پێی لێبنرێتو بدرێتە دوواوە. بۆ نمونە دوو کۆی دوو دەکاتە چوار و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسێک نییە کە بە بەڵگەی عەقڵی توانیبێتی ئینکاری ئەم راستییە بکات. هەرچەند کە هەمان شێواز بۆ سەلماندنی بوونی خودا شێوازێکی دروست نییە، چوون تۆ دەتوانی بە بەکارهێنانی عەقڵو بەڵگە رێگەی خۆت هەبێت تا بگەیتە ئاکامێک سەبارەت بە بوونی خودا. دەکرێت خەڵکانێک لە گوزەری عەقڵانیاندا لەمەڕ دۆزینەوەی خودا شکست بهێننو ئەنجامی دروستیان بۆ نەدرێت بەدەستەوە. هەربۆیە دەبینین لە ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بێباوەڕیی بوونی هەیەو خەڵکانێک پێیان دەوترێت مولحید. هەرچەند کە کۆی هەموو ئەو مولحیدانەیش باوەڕیان وەهایە کە دوو کۆی دوو دەکاتە چوار.

بۆ ئـەوەی کارێکی هـزری ساناتر بۆ ئێمە بێتە گـۆڕێ، تۆماس پێنج رەوگە بەنێوبانگەکەی خۆی بۆ نیشاندانی بوونی خودای خستە ڕوو {quinque viae}، دیارە کە پێنج رەوگەکەی تۆماس باوەڕو ئیمانی سالوسی پیرۆز ناسەلمێنێت. وەلێ ئەو پێنج رێگەیە ئەوە دەخەنە روو کە بەشێوەیەکی باو بوونی خودا دەسەلمێننو پیشانی دەدەن کە پێی دەوترێت خودا. دیارە ئەمەیش گرنگە بۆ ئێمە چوون لێرەوە دەکرێت هۆکارو جوڵەو بوون و شێوەی خودا پێشچاوان بخەین.

**هەوەڵ ڕێگە: مشتومڕ لە ئاماژە و جوڵەوە**

هەوەڵ ڕێگە هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت کە پەیوەستن بە ئاماژە و جوڵەوە، چوون لەم هەوەڵ ڕێگەدا بە دڵنیاییەوە دەبێت شتێک هەبووبێت کە جوڵەی بێجوڵەکان بێت، دیارە کە ئەمەیش پێی دەگوترێت خودا.

**ڕێگەی دووەم: ئارگومێنت لە هۆکارگەلی پێویستدا**

ڕێگەی دووەم هەموو ئەزموونمان لەپێشچاو دەگرێت لە ڕوانگەی هۆکارو ئاکامەوە، واتە لەم ڕێگەدا هۆکارو کاریگەریی لەپێشچاو گیراوە، چوون لەم ڕوانگەوە هۆیەک دەبێت لەسەرەتاوە هەبووبێتو لێیەوە کاریگەرییەکان کەوتوونەتەوە، دیارە کە ئێمە بەو هۆکارە ئەوەڵینە دەڵێین خودا.

**ڕێگەی سێهەم: ئارگیومێنت لە ئەگەردا**

سێهەم ڕێگە تێبینی هەموو سونفەو ئەگەرەکان دەکات، لەم ڕێگەیەدا هەموو شتەکان هەمیشە نەبوونەو لەوانە نییە شتەکان هەمیشە هەبووبنو وە بشمێننەوە، چوون گەڵا، درەخت، بەرد، خەڵک، نەتەوە، ڕووبارەکان،.. هتد ، وەک چۆن هاتوون دەشڕۆن. دیارە ئەگەر ئەم ڕەوشە بەتەواوی وابێت، کەواتە لەهەمان خاڵدا هیچ شتێک بوونی نەبووە، کەوایە هیچ شتێک ناکرێت بێنە بوون بۆ ئەوەی ببێت، دیارە ئەمەیش ئەستەمە چوون شتەکان بوون دەهێننە بەرهەم. مادام شتەکان بوون دەهێننە بەرهەم، کەواتە بەدڵنیاییەوە دەبێت شتێک هەبووبێتو ئەم شتەیش خۆی لە ڕەوشی کتوپڕدا نەبینیوەتەوەو هەر بووە. یان بەشێوەیەکی تر، کاتێک شتەکان دێنو دەچن، ئەوا دەبێت شتێک هەبێت بمێنێتەوەو بۆ هەمیشە بەردەوام بێت، دیارە ئەو شتەیش برینییە لە خودا.

**ڕێگەی چوارەم: ئەرگومێنت لە پلەکانی بووندا**

ڕێگەی چوارەم دەکرێت دژواربێت بۆ تێگەیشتن. ڕێگەی چوارەم تێبینی پلەبەندی دەکات بۆ هەموو شتەکان، دیارە کە هەندێک شت لە شتانی تر باشترن. چوون باشترین لە هەموو شتێکدا هەیەو لە هەموو ئاستو چینێکدا باشترین بوونی خۆی سەلماندووە. بۆیە کاتێک شتانێک دێنەبوون هەمیشە لەنێو هەموو جۆرەکاندا باشترین تێیدا دەمێنێتەوە. بەم پێودانگەی تۆماس لە باشترینی بوونەکاندا بونێک هەیە کە ئەویش خۆی لە بوونی خودادا دەبینێتەوە.

**ڕێگەی پێنجەم: ئەرگومێنت لە دیزایندا**

پێنجەم ڕێگە دەکرێت ساناترینو کاریگەرترین ڕێگەبێت بۆ ناسینی بوونی خـودا. دیـارە کە پێنجەم ڕێگە لەخۆدەگرێت شێوە دیزاین لە دروستکردندا. ئەم ڕێگە وانیشاندەدات کە تۆ لە بیابانێدایتو لەپڕ بەسەر کاتژمێرێکی ئاڵتونیدا تێدەپەڕیت، لێرەوە چەند ئەگەرێک لەسەر تێکچوونی شێوازی کاتژمێرەکەو پێکهاتەی سەرەتای دروست دەبێت، لە ڕوانگەی شێوەکەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نەزمی سەرەتا لە دروستبوونی شتەکاندا کە خۆی لە بەدیهێنەرێک دەبینێتەوە، وەک دەزانین بەدیهاتووەکان لە کۆی گەردوونو زەویدا هەمان سەرنجو شێوە لە هزری مرۆڤەکاندا دروستدەکات.

لێرەدا لەپێناو ساناتر تێگەیشتن لە هەر پێنج ڕێگەکەی تۆماس بۆ ناسینی خودا، پۆلێنکارییەک دەکەین بۆ هەریەک لەو ڕێگەیانە:

یەکەم: ئارگیومێنت لە جوڵەو ئاماژەدا

1 . هەستەکانمان هەمان ئەو شتانە دەسەلمێنێت کە لە جوڵەو ئاماژەدا بوونیان هەیە.

2 . شتەکان دەجوڵێن، وەختێ جوڵە بەهێزەکان دەبنە جوڵەیەکی تەواو کارا.

4 . تەنێ جوڵەی تەواو دەتوانێت بگۆڕێت بۆ جوڵەیەکی بەهێز لەنێو جوڵەیەکی تەواودا.

5 . بۆیە هیچ شتێک ناتوانێت بۆخۆی بجوڵێت.

6 . بۆیە هەرشتێک لەجوڵەدا لەلایەن شتێکی ترەوە دەجوڵێت.

7 . جوڵەکان کە دووابەدووا دێن ناتوانن بۆ کۆتایی بەردەوام بن.

8 . بۆیە پێویستە بگەینە جوڵێنەری هەوەڵ نەجوڵاوەکان، ئەوەی کە هیچ شتێک دەستی لەبوونیدا نەبووە، کەواتە ئەوە خۆی لە خودا دا دەبینێتەوە.

دووەم ڕێگە: ئەرگیومێنت لە هۆی کاریگەرەوە

1 . ئێمە وا وێنا دەکەین کە زنجیرەیەک هۆی کاریگەر لە شتەکانی جیهانێدا بوونیان هەیە.

2. هیچ شتێک لەپێش خۆیدا بوونی نەبووە

3. بۆیە هیچ شتێک هۆی کاریگەر نییە لە بوونیدا

4.گەر هۆی کاریگەری پێشوو بوونی نییە، واتە شتێک لە بوونی زنجیرەکەدا نییە، واتە زنجیرەی بوون.

5. زنجیرەی هۆیە کاریگەرەکان ناتوانن لە رابردووەوە درێژببنەوە تاکۆتایی، هەربۆیە ناکرێت لە ئێستادا بوونێکی تری وەک خودا سەرهەڵبدات.

6. هەربۆیە ئەوە پێویستییەکە کە دانبنێین بە هۆکاری کاریگەردا کە لە دەستپێکدا هاتووەتە ئارا.

**رێگەی سێهەم: ئەرگیومێنت لە ئەگەرەکاندا**

1. ئێمە لەشتەکانی سروشتدا ئەوە دەدۆزینەوە کە شتانێک دەکرێت هەبن‌و شتانێکیش نین، کەواتە ئەوانەی کەبوون دێن‌و دەچن.

2. واگریمان دەکرێت کە هەموو بوونێک بوونێکی کتوپڕبێت.

3. بۆ هەموو بونێکی کتوپڕ، کاتێک لە گۆڕێدایە کە ئەوە نابێتە بوون.

4. بۆیە بۆ هەموو ئەوانە ئەستەمە بەردەوام بوونیان لێبێتەبەرهەم.

5. کاتێک لەگۆڕێدایە کە هیچ شتێک نەهاتووەتە بوون.

6. لەوکاتانەدا کە هیچ شتێک لە گۆڕێدا نەبووە، بەشێوەیەکی کتوپڕ شتەکان هاتوونەتە ئارا.

7. بۆیە هیچ شتێک لەوانە لە ئێستادا بوونیان نییە.

8. هەموو ئەم ئاڵو گۆڕو بوونانەی کە بەزنجیرەیی رویان داوە ئاماژەیەکن بۆ بوونی خودا.

چوارەم رێگە: ئارگیومێنت لە پلەبەندی بووندا.

1. پلەبەندییەک لەگۆڕێدایە بۆ ئاشنابوون بەشتەکان. دیارە کە هەندێکیان باشترن لەوانی تر هەروەک چۆن هەندێکیشیان خراپترن لەوانی تر.

رێگەی پێنجەم: ئەرگیومێنت لە دیزایندا

1. ئێمە پێکهاتەی سروشت دەبینین کە لەبەرامبەر هەندێک ئامانجدا کاردەکەن. کە هیچ شتێک لەخۆوەو بەرێکەوت هەڵناسوڕێت.

2. زۆرترینی شته سروشتییەکان ماریفەت لەبارەیانەوە لاوازە.

3. بەشێک لە زیرەکییەکان وەک چۆن تیرێک ئاراستە دەکرێت بۆ ئامانجێک بەوجۆرە زانیارییەکانی شتەکانی سروشت یاخود بونەوەرەکان لە ژیانی بووندا لەلایەن خودایەکەوە ئاراستەکراون‌و هیچ شتێک بەرێکەوت نییەو هەمو شتەکان باکگراوندێکی تۆمار کراویان تێدایە.

**چی لە بارەی بێباوەڕانەوە؟**

ئێستا گەر ئەم پێنج رێگەیە بۆ سەلماندنی بوونی خودا لەبەرامبەر بێباوەڕێکدا پیشان بدرێن و شرۆڤەبکرێن ئایا ئەو کەسە بڕوا دەهێنێت؟ لەوانەیە نەخێر. تۆماس وەڵامی ئەمە دەداتەوە بە نەزمێکی موناجات ئامێزو پێی وایە کە خودای نەزان وتراوە لە نێو دڵیدایە. کەواتە لێرەدا خودایەک بوونی نییە، چوون پێنج رێگەکە دەنگێکی لۆژیکین و شایانی مشتومڕ نیین. تۆماس دەڵێ بێباوەڕ کەسێکی لۆژیکی نییە، چونکە ماریفەتێک دەیداتە دوواوە کە پیشانی دەدرێت. یاخۆ بێباوەڕ دان نانێت بە بوونی خودادا، ئەمەیش لەپێناو بەڵگەگەلێکی ئەخلاقیدا نەک لەپێناو یاخۆ لەبەر ئەوەی کە بەڵگەو هۆیەکی فەلسەفی لەهزریدایە.

گەر تۆماس لەم رۆدا بوونی هەبووایە، ئەوا لەتەک دەوروبەرە بێباوەڕەکەیدا بەهەموو ئەو رێگایانەی سەرەوە وەک دۆمیکیانێک دیبەیتی دەکرد. هەرچەندە ئەم شێوازەی ئەو رێزگرتنێکی شەخسییە لە رازیکردنی بێباوەڕان دا. چوون ئەوە هەمیشە پەیامێک بوو بۆ سانت دۆمینیک، ئەو دیبەیتە نیان‌و لۆژیکییە رێیەک بوو کە تۆماس ژیانی پێیدا گوزەراند.

**بێباوەڕان‌و ئارگیومێنتی ئەخلاقی دژ بە خودا**

وەختێک رەچاوی بێباوەڕانێکی وەک نموونەی ریچارد داوکینس،

دانیاڵ دێنیتو سەم هاریسو چریستۆفەر هیچێنس دەکەیت بەهێزترین ئارگیومێنتیان برێتییە لە ئارگیومێنتی ئەخلاقی کە دژ بە بوونی خودا دەینوێنن.

بۆچی زارۆکان لەرێگەی قاچاخەوە بەمەبەستی کاری لەشفرۆشی دەفرۆشرێن؟ بۆچی خودا رێگە دەدا تۆفانو گەردەلولەکان بێنەوایانو بێناوانان لەنێوبەرێتو تێک بشکێنێت؟ ئەدی بۆچی زارۆکان دەمرن؟ لەراستیدا ئەمانە ئارگیومێنتگەلێک نین لەبارەی بوونی خوداوە، چوون لەجیاتی ئەوە دەکرێت بڵێین کە ئەوانە مشتومڕن لەبارەی باشییو خەیریی خوداوە.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە کەسی ئیلحادیو بێباوەڕ بەبوونی خوا لەسەرەتادا خراپیو فەزیحەیەک لەسەر خەیرو باشەی خودا دروستدەکاتو لەهەنگاوی دووەمیشدا خودی بوونی خودا دەداتە دوواوە. لێرەدا لەبەرامبەر ئەم هێرشە ئیلحادییەدا نیاز بە خواستێکی ئایینی هەیە کە بیروباوەڕی ئیرادەی ئازادو ئەسڵو فەسڵی تاوانو تواناو ویستی خودا پیشان بدات. کە لەدووایین خاڵدا دەنگی وەڵامێکی فەلسەفی لەبارەی ئەرگیومێنتێکی مۆڕاڵ دژ بەبوونی خودا لەگۆڕێدا نییە. گونجاوترینو خێراترین کاردانەوەی ئەوهێرشە برێتییە لە پەخشانی نوری راستییەکانی بوونی خوداو ئاوێتەبوونی لەرەنجو مەینەتو مەرگیی مرۆڤەکاندا کە لەرێی خاچەوە و بۆخاتری شادیو کەیفی مرۆڤەکان لە ئەبەدییەتدا دێتەخوارێ. فەرمانرەوایەتی خودا وەک فەرمانڕەوایەتی سوڵتانێکی تورکیی نییە کە بەسەر شەڕو تاوانو مەرگدا خۆی هەڵدەقوڵێنێت. فەرمانبەرداری خودا لەخاچەوە سەرچاوەدەگرێت، دروست وەک رەنجو ئەدای بەندەو خزمەتگوزارێکە.

# ئایا دەتوانین خودا بناسین؟

کەواتە چی لەبارەی خوداوە دەتوانین بناسین؟ بەگوێرەی تۆماس ئەکیونی دەتوانین بێینەپێشێ بۆناسینی خودا، ئەویش لەرێگەی ناسینی تایبەتمەندییە گشتییەکانی خوداوە. ئێمە دەکرێت بزانین خوداوەند وەک چی وایە. وەلێ ناتوانین راستەوخۆ بی ناسینو ئاشنابین پێی، چوون ئەو هەمیشە لەدەرێو لە دووری ئێمەوەیە.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەرێگەی ئەقڵەوەو لە دوو رێگەوە دەتوانین خودا بناسین. هەوەڵیان ئەوەیە کە دەتوانین ئاشنابین بەخودا بە ئینکارکردنی، رێگەی دووەمیش ئەوەیە کە دەکرێ خودا بناسرێت بە رێی شوبهاندنی. دیارە ئەم دوو رێگەیە نوێ نین، لەراستیدا، ئەم رێیانە لە ئەدەبیاتی جوولەکانداو لە سەردەمی کۆنیاندا دەدۆزرێنەوەو دەرکیان پێدەکرێت.

**ئەفۆفاسیس: ناسینی خودا لەرێگەی ئینکارکردنییەوە**

بەبەکارهێنانی ئینکارو نەفی، دەتوانین بەوردی بڵێین کە خودا چ نییە. بۆ نموونە: خودا پشیلە نییە، یا خودا سەگ نییە یاخۆ خودا درەخت نییە، خودا نە ئەستێرەیەو نە هەسارە، هەروەک ئێوە دەتوانن ببینن کە ئەمە دەکرێت بەردەوامبێت بۆ هەندێک کات، دیارە کە دواجار ئەمە سەردەکێشێ بۆ ئینکارییەکی تەواو گشتی لەسەر بوونی خودا. بۆ نموونە

خودا له بۆشایی و له زەمەندا نییه. لێرەدا دوا وشەی لاتین وەردەگرین کە واتای سنوور دەگەیەنێت، ئەم فۆرمە لە ئیلاهییاتدا بۆ ئینکار کردن پێیدەوترێت ئەفۆسیس، کە وشەیەکی گریکییە بۆ ئینکاری کردنی بوونی خودا بەکاردەهێنرێت. لێرەدا دەکرێت بپرسین، ئایا جوڵێنەری نەجوڵاوەکان دەگۆڕێت، کە خودایە؟ ئەمە ناکرێت ببێتە کەیسێت، گەرهات و گۆڕابوو یان گۆڕێنرا، چوون پێکدادان لەتەک ئەوەدا روودەدات کە ئەو بۆخۆی پێشتر دامەزراو بووە.

کەواتە خـودا لە گۆڕانکارییدا نییەو نەگۆڕە. لێرەدا وشەی مۆتابیلیسی لاتینی بۆ بە کاردەهێنرێت، واتە قابیلی گۆڕانکاریە لەدیدی ئینکارگەراکانەوە، لەراستیدا وشەی نەگۆڕاو قابیلی نەگۆڕاو بۆخودا دروسترە کە لەلاتینیدا وشەی تایبەت بە ئەویش هەیە.

**تایلۆر مارشاڵ کوخێکی دارین نییە**

دەتوانین بەردەوامبین لەم شێوە ناسینەی خـودادا، هەرچەندە بەراستی ناتوانین بڵێین کە هەرشتێک لەبارەی خوداوە پۆزەتیڤە. وەلێ بەسانایی دەتوانین بڵێین کە چی نییە. دەکرێت ئێوە هەمان شت بڵێن لەبارەی منیشەوە. بۆ نموونە: من ژن نیم، زارۆنیمو هەروەک چۆن سەگ نیم، مێروو نیم، هەروەها ئەستێرەو کوخێکی دارینیش نیمە. تەنانەت گەر ملیۆنێک نموونەیش بێنینەوە، ئەوا بە راستی لەو نموونە هەمەچەشنانەدا ناگەینە ئەوەی کە بەراستی بزانی من کێم. چوون هەموو ئەو مەعریفەیەی تۆ لەبارەی منەوە دەکرێت ناتەواو یاخۆ رازیکەر نەبێت. ئەوەی دەیڵێین بەدروستی ئەو خاڵەیە کە تۆماس ئەکیونی راڤـەی دەکـاتو لەسەری دەوەستێت. چوون تیۆری ئینکاریکردنی خوودا لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دەیشوبهێنن بە شتانێک کە لەخودا نییە، هەزاران نمونە دێننەوە، تەنها

دەزانن کە خودا چی نییە، ئاشنان بەم شتانە، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە دەزانن خودا چییە. بۆ مرۆڤێکیش پەی بەم نمونەیە نابەن چ جای ئەوەی بۆ خودا بتوانن دەرکی پێبکەن.

تۆماس بەتایبەتی لە کۆمێنتەکانیا لەسەر بوسیوس. هەموو ئەوانە لەکارەکەیدا گەلاڵەدەکات لەسەر ناسینی خودا کە خوداچییە ئەویش لەرێگەی فەلسەفەو بەبێ هاوکاری عەقڵ. چوون ئێمە تەنها دەزانیین ئەوە بڵێین کە خودا چی نییە.

### خودای ئەفلاتۆن

ئەمە رەوشێکی ئێجگار ناهومێدکەرە بۆ هەموو ئەوانەی کە گەرەکییانە خاوەن پێوەندیدارییەکی کەسیی بن لەتەک خودادا. فەیلەسوفی یۆنانی پێش مەسیحییەت ئەفلاتۆن لەبارەی شێوەی چاکەو باشە قسەی کرد، دیارە کە ئەمە وەک باڵاترین پرەنسیپ. هەرچەند کە فۆرمی باشەو خەیر بەتەواوی باڵا بوو، ئەفلاتۆن باوەڕی وا نەبوو کە مرۆڤی کراوە خاوەن پەیوەندی کەسیی یان ماریفەی فۆرمیی باشەو چاکە بێت، نەیش هیچ کەسێک دەپارێتەوە و نوێژ دەخوێنێ بۆ فۆرمێک لەفۆرمەکانی باشەو چاکە. وەک ئەوە وایە کەسێک هەڵزنێک بە ئەشکەوتێکداو لەسێبەرەکاندا شێوەیەک بکات، دیارە کە فۆرمێک لەچاکە لەخۆیدا بەرجەستەدەکات. وەلێ ناتوانێ قسەی لەبارەوە بکات یاخۆ باسی بکات کە چی بوو.

### خودای ئەرستۆ

بەهەمان شێوە، ئەرستۆی موریدی ئەفلاتۆن بەسانایی وای دانا کە ئەوە بەتەواوی ئەستەمە کە خاوەن ماریفەیەک بیت لەتەک جوڵێنەری نەجوڵاوەکانی کەوندا یا خودا پێوەندیی کەسیت هەبێت. ئەوە ئیسرائیلییە

دێرینەکان بوون کە باوەڕیان هێشتبوویەوە لە تەنها باڵاترین پرەنسیبدا کە ئەوانیش هەردوو پرەنسیپی کەسی و هێز بوون. لێرەدا ئێمە لە ئیلاهییاتْ، نەک لە فەلسەفە دەپچڕێین .

تۆماس ئەکیونی پێوانەیەکی دیاریکراوی فەلسەفیی زانیاریی لەبارەوە دەدا. هەروەها بانگەشەی ئەوەدەکاتْ کە ئێمە دەتوانین لەبارەی سیفاتْو تایبەتمەندی گشتی خوداوە بدوێین، لەکاتێکیشدا ئەگەر ئێمە بەراستی نەزانین خودا چییەو خودا نەناسین. تۆماس چۆن ئەم هەڵوێستە دوالیزمیەی گرتووەتەبەر؟ دیارە کە وەڵامەکەی لەباوەڕی ئاینییدا چنگ دەکەوێتْ.

## لێکچوواندن یاخۆ تیۆری خودا وەک ئەوەیە

لێکچوواندن بریتییە لە میحوەری فەلسەفەی تۆماستیک. گەر کەسێک لە لێکچوواندنی بووەکان تێنەگاتْ، ئەوا ئەو کەسە لە تۆماس ئەکیونیش تێناگاتْ. ئەستەمە بۆ کەسێک بکشێنە نێو باوەڕی تۆماسەوە بەبێ ئەوەی بەتەواوی لە نیازو مەبەستی لێکچوواندنی تۆماس تێنەگەیشتبێتْو ئەرزشی ئەو روانگەیە نەنرخێنێتْ. لەراستیدا ئەم بەشی پەرتوکەی کە لەدەستاندایە، بەهادارترینی پەرەگەلێکی کەمە لە کتێبێکی تەواو. لەبەر ئەوە خوێندنەوەی ئاتاجی خوێنەرەو پێویستی ئەوانەیە کە لەدەستپێکی ناسینی تۆماسدانو لە هەنگاوی پێش چوونە نێو دونیای هزری تۆماسدان. سەرەتا پێویستە لە رەوگەی سیان لە تێرمە فەلسەفییەکان تێبگەین، کە ئەوانیش وەک یەکی و هاو واتایی و هاوکیفین.

لێرە خشتەیەکی تر هەیە بۆ زیاتر سانابوونی شرۆڤەکەمان. کە بریتین لەواتاکانی هەمان، چوون یەکو جیاواز.

لەئێستادا هەموو مرۆڤێکی عەقڵمەند لەو دەستەواژانە تێدەگاتْ،

وەلێ گرنگە بۆمان چەمکەکان بەتەواوی تێبگەین. بۆ گەیشتن بەم ئاکامە خەیاڵی سیان لە فەیلەسوفە جیاوازەکان نومایان دەکەین. هەوەڵ فەیلەسوف ناسراوە بە ئولریک کە جەخت لە هەمان شت دەکاتەوە، دووەم حزقیالە کە جەخت لە جیاوازی شت دەکاتەوە، سێهەمیش ئەکیونیە کە لەبارەی لێکچوواندنەوە پێداگریی دەکات.

**ئیلریکو هەمان شتیی**

نموونە لەبارەی ئەم فەیلەسوفەوە لەوەدایە کە شتێک وەک هەمان شتی تر دەناسێنێت، بۆ نموونە دەڵێت هەرشتە پێرفێکتە یان تەواوە. لێرەدا دەڵێت هەرشتە دروست تەواوە. یان یەکسانە بەتەواو کە دەڵێ تەواو یانی هەرشتە، کە دەشڵێ هەرشتە یانی تەواو. دیارە کە بەکارهێنانی زمانی وەک یەکیی دیسانەوە رووبەڕووی کێشەمان دەکاتەوە، چوون ئەمە بەتایبەتی کاتێ روودەدات کە رووبەڕووی فەلسەفە دەبینەوە چوون هاویەکی ناتوانێت راستی تایبەتمەندییەکان بپارێزێت. کاتێ دەوترێت خودا باوکە، ئەوا خودا هەمان هزری باوک یان وێنەی باوکت پێدەبەخشێت، لێرەدا جۆرێک لەناسینی خودا وەک خۆی دوور دەکەوێتەوە.

# من، من کێم .. خودا

ئێستا ئێمە لە پێوانەی شتەکان بۆ بوونی خوا تێگەیشتین، ئیدی کاتی ئەوەیە لە چەمکی بوون تێبگەین. بۆ ئـەوەی خۆمان لەقەرەی سەرلێشێوان نەدەین پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ زاراوە لاتینییەکان، هەموو ئەوانەی کە تۆماس ئەکیونی بەکاریان دەهێنێت. دیارە کە خوێنەران هەردوو زاراوەکە هەم ئینگلیزیو هەمیش لاتینی لە چەمکگەلی فەلسەفی تۆماسدا بەکاردەهێنن، پەنابردن بۆ لاتینییەکان ساناتر مەقسەدو نیازی خوێنەر دەهێنێتە دی بۆ نموونە: Esse لەلاتینیدا بۆ بوون بەکار دەهێنرێت. هەمیشە کە وەردەگێڕدرێت لەبەرامبەر بوونو هەبوون بەکاردەهێنرێت. Essential لەلاتینیدا لەبەرامبەر ئەوە چییە؟ بەکاردەهێنرێت، دیارە کە زۆرجار وەک وشەی کرۆک(جەوهەر) بەکاردەهێنرێت.

ئێستا گەر ئێمە یادەوەری بکەینەوە بۆ نیشاندانی پێنج ڕێگەکەی سەبارەت بە زانینی بوونی خودا، ئەوا چوارەم ڕێگەیان باڵاترینیانە، چوون بۆخۆی خودی بوون دەهێنێتە گۆڕێ. چوون مەزنترین ڕێگە کەهەیە خودی بوونە کە خودایە. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین کە خودا خودی بوونە بۆ خۆی. خودا دروست نەکراوەو نەهێنراوە، ئەو کرۆکو خودی بوونە. خودا بوونی هەیە. لێرەدا تۆماس ئەکیونی وای دەبینێت کە خودا وەک ئەوەی کە خۆی هەیە ئەوە راستییەکی فەلسەفییەو زێدەتر لە روانگەی ئیلاهییاتەوە پێداگریی لەبارەوە دەکرێت. لەنێو کتێبی پیرۆزدا ئەمە پەیوەندی دار دەبێت بەمەی خوارێ:

خودا بە موسا دەفەرمێ: من، من کێم؟ ئەو فەرمووی بەم شێوەیە بە نەوەی ئیسرائیل رابگەیەنە کە ئەو، ئەو کێیە، ئەوێک کە منی ناردووە بۆ سەر ئێوە.

**خودا بوونی ئەوە**

خودا کێیە، خوا ئەوەیە کە تۆی ناردووە، لێرەدا مرۆڤی ئاقڵ دەتوانێت بەبێ بوونی کتێبی پیرۆزیش ئەوە دیاری بکات. بە بەکارهێنانی چوارەم رێ دەتوانین بڵێین کە خودا بوونێکی خاوێنە. خودا لە هیچ شتێکەوە نەهاتووە، خودا ساناو بێ لەکەو پەڵەیە. بەگوێرەی تۆماس ئەکیونی، خودا بوونی هەیەو هەموو شتێکیش لە خوداوە هاتۆتە بوون. بەردێک بوونی هەیە، چوون بەشدارە لە بوونی خودادا. لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ئایا خودا دیسانەوە هەمو ئەو شتانەیە کە بوونیان هەیە؟.

تۆماس ئەکیونی وەڵامدەداتەوە بەوەی خوا ناتوانێ لەهەموو ئەو شتانەدا بێت کە بونیان هەیە. چوون هەموو شتەکان لە گەردووندا لە بووندا هاتوونەتە دەرێ. لەبەر ئەوەی ئەوان دەگۆڕێن، ئەوان دەجوڵێن، وەلێ هێشتا خودا نە گۆڕاوەو نەجوڵاوە. دوواتریش جیاوازی لەنێوان خوداو تەواووی شتەکانی دیکەدا ئەوەیە کە بوونی خودا و جەوهەری خودا هەم یەک شتەو هەمیش هەمان شتە لەکاتێکدا کە ئەوە بۆ تەواوی شتەکانی تر دروست نییە. ئەدی ئەوە چی دەگەیەنێت؟.

**خوداو دایناسۆر**

با دیسانەوە تەماشایەکی وشە لاتینییەکان بکەین، هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە، تۆ دەکرێت ئەمە ئەنجامبدەیت، تۆ دەکرێت لەمە تێبگەیت. Esse

واتای بوون دەگەیەنێتو essential یش واتای جەوهەر دەگەیەنێت. Esse ئاماژەیە بۆ شتێک کە یان بوونی هەی یاخۆ بوونی نییە. Essentia یش ئاماژەیە بۆئەوەی ئەو شتە چییە؟ بۆ نمونە لە جەوهەری دایناسۆردا ئەوە هەیە کە باڵندە نییە، وەلێ دوو پێی هەیەو گۆشتخۆرەو سەرێکی زلیش هەیەو بەشی دواوەی بەهێزەو پەلی پێشەوەی گچکەن. بەگشتی جەوهەری ئەم شتە ئەوە دەگەیەنێت کە دایناسۆرە.

ئێستا با قسە لە بوونی دایناسۆر بکەین: دایناسۆر ئێستە یان ئیتر بوونی نیە، ئەو لەنێوچووە، ئێمە ئێسقانەکانیمان دیوەو دەزانین چییە. بۆیە دەتوانین رونکردنەوە لەبارەی بونییەوە بدەین، وەلێ جۆری دایناسۆر ئیتر نەماوەو نییە. لێرەدا دەزانین کە جەوهەرو بوونی دایناسۆر نە یەکەو نە هەمانە. دیارە کە ئەوە بۆ تەواوی دروستکراوەکانی دیکە دروستە. کەواتە لێرەدا روونبوویەوە کە جەوهەری شتەکان پشت بەوە نابەستێت کە ئایا ئەو شتە بوونی هەیە یان نا. کەواتە تەواوی شتە دروستکراوەکان دەکرێن لە بوون داببرێنو کۆتاییان بێت، هەروەکو ئەوەی کەبەسەر دایناسۆردا هاتووە. وەلێ لەنێوچوون تەنێ خودا ناگرێتەوە، چوون خودا دروست نەکراوە. ئەم رەوشە تەنێ لە خودادا بەدەرە، چوون خودا سەرچاوەی هەموو بوونەکانە. ئەدی جەوهەری خودا چییە؟ ئەوە بونییەتی. خودا چییە؟ ئایا خودا بووە. پێناسەی خودا بوونی خودی خۆیەتی. ئەمە کلیلی فەلسەفەی تۆماس ئەکیونییە. جەوهەری خودا یەکسانە بە بوونی خودا. دیارە کە ئەوە بۆ دایناسۆرێک راست نییە. هەروەها بۆ ئەستێرەیەکیش راست نییە، چوون ئەستێرە رۆژێک سەرهەڵدەداتو رۆژێکیش دێت گڕدەگرێت. ئەمە بۆ فریشتەکانیش دروست نییە، چوون ئەوان هاتوونەتە بوون، بۆ مرۆڤیش راستنییە ، ئەوانیش بەهەمان شێوە، ئەمە تەنێ بۆ خودا دروستە. تەنێ لەخودادا جەوهەرو بوون یەک شتو هەمان شتن.

**خوا، خەلق، پێوانەی بوون**

لەبوونی خوداوە، ئێمەی مرۆڤ بەشدارین لە بوونی خودادا. لێرەدا بۆشاییەکی گەورە لەنێوان خوداو مرۆڤایەتیدا هەیە. لەلای تۆماس ئێمە تەنێ لەرێگەی هەستەکانمانەوە ئاشناین بە شتەکان. بینین، بیستن، تامکردن و بۆنکردنو دەستلێدان. وەلێ هێشتا خودا نەبینراوەو نەیش دەستی لێدراوە. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی ناتوانرێت خودا بناسرێت. بۆیە لێرەدا تۆماس ئەکیونی ئەمە ڕووندەکاتەوە:

لەم ڕووەوە لە زانیاری تەواوو لەسەر هەموو شتەکان ناتوانرێت هێزی خودا بناسرێت، هاوکات ناشتوانرێت ماهییەتی ببینرێت. وەلێ دەتوانرێت بە کاریگەرییەکەی و پشتبەستنی بە ڕەوشو حاڵەتەکان هەست بەناسینو بوونی خودا بکرێت. کەواتە ئایا بوونی هەیە؟ بۆئەوەی ئاشنابین بەو پێویست دەکات کە بگەڕێینەوە بۆی. چوون لە دەستپێکی ماهییەتی هەموو شتەکاندا دەتوانین بەجۆرێک لەجۆرەکان خودا بناسین.

دیارە کە ئێمە هیچ شتێک بەتەواوی لەبارەی خوداوە نازانینو ناتوانین ئاشنابین. لەبەر ئەوەی خودا لەپشت تەواوی هەست و نەستەکانەوەیە.

**هەشت سیفەتی خودا**

دیارە کە ناتوانین بەتەواوی خودا وەک خۆی بناسین، هەموو ئەوەی کە هەیە برێتییە لە ڕوانگەیەکی گریمانەیی لەسەر خودا یاخود شوبهاندن یان برێتییە لە ڕوانگەیەکی نەرێنیو نەناسینی ئەوەی کەخودا چیە، بەڵکو قاڵبوونەوەیە لەوەدا کە خودا چی نییە. لێرەدا خودی تۆماس لەڕێگەی ئاماژەدان بەلیستێک سیفاتی خوداو بە ڕێگەی ئینکاریکردن لە وەی کە خودی خودا چییەو ئاشناکردنی هەمووان کە خودا چی نییە هاتووەتە ناوەوە.

**یەکەم: ئایا خودا خاوەن بەشو ئەندام گەلێکە؟**

خودا بەشو ئەندامی نییە، چوون دروستنەکراوە. لە وجودو جەوهەر پێکنەهاتووە، چوون بۆ خودا هەموو ئەوانە چوون یەکن. هەر وەها لە ماددەیش پێکنەهێنراوە، چوون لە پێکهاتەیەکی فیزیایی یاخۆ وەک ئامێرێک پێکنەهێنراوە. بێ ئەندامو بێ بەشو پێکهاتەیە. ناتوانرێت قسە لەبارەی بەشێکی خودا یاخۆ تەنانەت نیمەی پێکهاتەی خوداوە بکرێت. لەبەرئەوە خودا ناتوانرێت لێکجودابکرێتەوەو ئەندازەگیریی بۆ بکرێت. لە لاتینیدا وشەگەلی فانتازی بۆ ئەوەی کە خودا بەشی نییە، فرە ساناو ساکارە. لەبەر ئەوە بەسانایی ئەو وشانە شوێنیان کراوەتەوە کە خودا ئەندامو بەشی نییە، ئەمە فرە بەسانایی شوێنی کراوەتەوە.

**دووەم: ئایا خودا خاوەن هێز و توانایە بۆ گەشە و پەرەسەندن**

نەخێر خودا ناتوانێت گەشەبکات، لەم رووەوە ئەرستۆ ئاماژەی داوە کە ئەو پێرفێکتەو نەزیادەو نەکەمو نە گۆڕانیشی تێدا روودەدات. خودا . چوون لەحاڵێکی وەهادا گەر هێزی زیاد بدرێتە خوداو پێوانەی زیاد بۆ کردنی کارەکانی دابنێین، ئەوا بە گریمانەی ئێمە دەبێت زیاتریش هەبێت، ئەمەش برێتی نییە لە سیفەتی خودا بوون. لەبەر ئەوە کە دەڵێین‌و قسە لەبارەی ئەوەوە دەکەین کە خودا پێش ناکەوێت‌و گەشە ناکات مەبەستمان ئەوەیە پێویستی گەشەو بەرەوپێشچوون لەسیفەتی خودادا نییەن چوون خودا بۆخۆی پێرفێکت‌و بێ کەمو کوڕییە.

**سێهەم: ئایا هەرشتێک زێدەتر لەخودا خوازراوترە؟**

بەگوێرەی ئەرستۆ، چاکە شتێکی خوازراوە، لەم رووەوە هەر شتێک خوازراوترە لەخودا، هۆی هەوەڵو دووا ئامانج لە تەواوی گەردوندایە.

بۆنمونە ئایا بەستەیەک شیرینی خوازراو تر نییە؟ نەخێر، ئەی ئایا فریشتە خوازراوتر نییە؟ نەخێر ، خودا گەورەترە لە هەموو ئەو شتانە. بۆیە ئەو باڵاترین‌و مەزنترین چاکەو باشەیە لە گەردووندا.

**چوارەم: ئایا خودا لە هەرحاڵێکدا سنوردارە؟**

ڕێگەی دووەم خودا وەک هۆیەکی کارا لە هەموو شتێکدا دەناسێنێ، وەک ئەوەی خودا هیچ کات‌و زەمەن‌و شوێنێک یان هەر فۆرمێک کە خاوەن سنوورە وابەستەی ناکات. کەواتە خودا بێ کۆتاو بێ دوومابیە.

**پێنجەم: ئایا خودا لەشوێنێکی دیاریکراودا جێی گرتووە؟**

خودا لەشوێنێکی دیاریکراودا شوێنی نەگرتووە، بەبەکارهێنانی ڕێگەی هەوەڵ ئێمە دەزانین کە خودا جوڵێنەری نەجوڵاوەکانە، لێرەوە دەزانین کە خودا بۆخۆی ناجوڵێت، چوون خودا نە لێرەیەو نە لەوێیە، یانی خودا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ناجوڵێت‌و لەجوڵەدا نییە. یانی دەکرێت بڵێین خودا هۆی کارایەو دەکرێت بشڵێین کە خودا لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە. خودا لەهەموو شوێنێکدایەو لەهەموو شوێنێکیشدا بوونی هەیەو هەمیشە ئامادەیە.

**شەشەم: ئایا خودا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؟**

خودا گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، ئەو وابەستەیە بەجوڵەوە، جوڵێنەری نەجوڵاوەکانە. چوون گۆڕان پەیوەستە بە کەموکورتی لە کەماڵی شتەکاندا، هەربۆیە گۆڕان دەبێتە ئاتاجی ئەو شتانەی کە قابیلی گۆڕانن. چوون گەر خودا بگۆڕایە ئەوا یان بەرەو باشتر دەڕۆی یاخۆ خراپتر دەبوو، ئەمەیش لەتەک سیفەتی خودادا لێک نایەتەوە. هەرچەند ئێمە لە پرسیار

لەبارەی کەماڵی خوداوە بینیمان کە خودا خاوەن هێزو ئەگەری باشتربوون نییە، چوون ئەو پێش ئەوەی باشتر بێت بۆخۆی باشترینە. کەواتە خوا ناتوانێت بگۆڕێت‌و شێوەی گۆڕانی بەسەردا بێت یان بەهەرجۆرێک لەجۆرەکان لەسیفەت‌و ئاکاردا ببێتە جۆرێکی تر، لەبەر ئەوە خودا بۆخۆی نەگۆڕو جێگیرە.

حەوتەم: دەتوانرێت بە پێوەری زەمەن خوا ئەندازەگیریی بکرێت؟

تۆماس ئەکیونی پێناسەی ئەبەدییەت‌و سەرمەدی دەکات بەوەی کە شتێکە بەهۆکاری کات‌و زەمەنەوە ناتوانرێت ئەندازەگیریی بکرێت. کات شتێکە لەتێپەڕبووندایەو شیاوی گۆڕانکارییەو ئەبەدییەت سنووری کاتی بەزاندووەو دوورەپەرێزە لەسیفەتی کاتەوە، خودا بۆخۆی ئەبەدییەتی لەوەوە پێبەخشراوە کە کات کاری لێناکات. خودا بۆخۆی جوڵێنەری نەجوڵاوەکانەو سیفەتی کات لە سنورگیریدا بۆ جوڵاوەکان ئەژماردەکرێت نەک بۆ جوڵێنەر.

**هەشتەم: دەکرێ خودا زێدەتر لەیەک خودا بێت؟**

ناکرێت خودا زێدەتر لەیەک خودا بێت. چوون خودا بەشی نییەو ناتوانرێت دابەشبکرێت‌و سنوردارنییەو سنوری بۆ دانەنراوە. ئەو جوڵێنەری جوڵانەکانەو تەنها یەکێکەو هەوەڵ هۆکارەن مادام دەستپێک‌و سەرچاوەی هەموو شتەکانە ناکرێت لەدەستپێکدا یاخۆ لەدەستپێکدا هەمیشە یەک بەردیدە دەکەوێت‌و هەوەڵین‌و بێکۆتایی هەربۆ ئەوە.

کەواتە ئەوانەی باسکران برێتی بوون لە هەشت سیفەتی خودا کە لەپاش نیشاندانی 5 رێگە ئاماژەمان پێدان بۆ نومایانکردنی خودا لەهزرو عەقڵی مرۆڤدا. لێرەدا مرۆ بەبێ گەرانەوە بۆ کتێبی پیرۆزو ئینجیل یاخۆ بەبێ دەستگرۆیی کەشیشەکان‌و زانیارییەکانی کڵێساو مەسح دەتوانێت بوونی

خودا دەرک پێبکاتو بیخوێنێتەوە، هەم لەڕووی سیفەتو هەم لەڕووی نومایانی  هزریو لۆژیکییەوە. دیارە کە ئەم سیفەتانە واتە ئەم هەشت سیفەتە بەواتایەک لەواتاکان لە رەوگەی پێنج رێگەکەدا هەستیان پێدەکرێت. لێرەوە بۆ مرۆ رووندەبێتەوە کە خودا دروست نەکراوەو هەموو ئەو شتانەی کە دروستکراون لەرێگەی هەستەوە تایبەتمەندی جیاوازیان لەتەک خودادا فرە بەڕوونی هەستی پێدەکرێت.

**فریشتە چییە؟**

تۆماس ئەکیونی بە پزیشکی فریشتە ناسراوە، لەبەر سێ هۆکار فریشتەیە: ئەوانیش برێتین لە ژیریو زانیارییەکانی لەبارەی فریشتەکانو پاکیو دڵسۆزییەکەی. فریشتە دەکرێت وەک بابەتێکی فەلسەفی نەبینرێتو بەردیدە نەکەوێت. وەلێ بۆ فەیلەسوفانی دێرینن چەمکی ئەوەی پێی دەگوترا فریشتە فرە جێگەی بایەخو گرنگ بوو. هەمیشە ئەو پرسیارە لەگۆڕێدایە کە ئایا ژیریو عەقڵ بەبێ بوونی بونیادو لاشە دەکرێت بوونیان هەبێت. ئێمە لە خۆرئاوا بەوانە دەڵێین فریشتەکانو لەشوێنانی تر پێیان دەگوترێت گیانو خێو و جنۆکەو خواو نیوە خواکان. لەفەلسەفەدا ئەوانە پێیان دەگوترێت جەستەو بونیادی هزری دابڕاو. ئایدیای مەوادو جەستەی هزرییو ژیریی جواکار. هەموو ئەمانە لەئاکامی فەلسەفیدا برەویان پێدراوە کە ئەستێرەو هەسارەو هێزەکانی جیهانی سروش لەلایەن خوداوە وەگەڕخراوون، هەموو ئەمانەیش لەڕێگەی دروستکراوانێکی خوداوە خراونەتەکار کە لەمرۆڤ باڵاترو لەخودا خوارترنو بەفەرمانی خودا کاروبارو هێزو هەرەکەتی گـەردوون لەئەستۆیاندایە. بتپەرستو وەسەنییەکان باوەڕیان وابوو کە پێکهاتە ئاسمانییەکان وابەستەن بە رۆحە پاکەکانەوە، یان بەواتایەکی تر

بوونیان لەرۆحە پاکو بێگەردەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

ماریفەی تۆماس ئەکیونی لەبارەی فریشتەکانەوە هێند دوور نەبوو لە باوەڕی بتپەرستەکانەوە، وەلێ لە پەڕاوی پیرۆزدا، باوکانی کڵێسا، ئاکامی عەقڵانیان خۆی لە زنجیرەی هەرەمی کەونەوە دەبینێتەوە.

**چۆن فریشتەکان دەتوانن لەسەرووی سنجاقێکدا سەمابکەن**

تاوەکو ئێستە گوێت لێبووە کەسێک بڵێ، ئەوە کارێکی باش نییەو چۆن فریشتەگەلێک سەمادەکەن لەسەر نوکی بزمارێکدا، گەر گوێت لە کەسێک بوو وەهای وت، بزانە ئەوکەسە تۆماسیی نییە. وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیەکە کۆڵینەوە لـەوەی کە چـۆنو چەند فریشتە دەتوانن لەسەر نوکی بزمارێکدا سەمابکەن، پرسیارێکی فرە بایەخدارە، چوون ئەمە بۆ ئێمە دەسەلمێنێت کە ئاتاجمان بەوەیە هەموو شتێک لەبارەی سروشتی فریشتەکانەوە بزانین. چوون ئەمە پرسیارێکی فزوڵانەو گەمژانەنییە، ئەوە ئەزمونێکی هزرییە کە لەبارەی سروشتو هۆشو ژیریی رۆحو فریشتەوە دەدوێ، بەکورتی پرسیارەکە ئەو هەستەمان لا گەڵاڵە دەکات کە ئایا فریشتەکان تەنێ پێکهاتەیەکی فیزیکین یاخۆ مادییین و بونیان هەیە.

گەر بپرسین چەند خوێندکاری زانکۆ گونجاون بۆ ئەم ڤۆکس فاگۆنە، دیارەکە یەکسەر ئەوە دێتە هۆشمانا کە خوێندکاری زانکۆ پێکهاتەی فیزیکییان هەیەو ڤۆکس ڤالکۆنیش قەبارەی دیاریکراوی فیزیکی خۆی هەیە. وەلێ کاتێ دەپرسم چەند فریشتە دەتوانێت لەسەر رووی بزمارێکدا دانس بکەن. ئەم هۆشەمان لا دروست نابێت، چوون رووی بزمار وەک قەبارە زیهنی ئێمە داگیرناکات، ئەوەی لای ئێمە گرنگە هەستێکە کەپێمان دەڵێت فریشتەکان نە پێکهاتەیەکی فیزیکین و نەقەبارە دەگرنو لە زۆر

شوێندا ڕێیان دەبێتەوە. بۆ ئەمە دوو وەڵامی گونجاو لە گۆڕێدا هەیە.

1 . مەلائیکە ناتوانێت لە نوکی بزمارێکدا سەما بکات، چوون گەر سەرێکی مادیی نەبێت چۆن لەسەریی مادیی بزمارێکدا سەمادەکات.

2 . هەموو فریشتەیەک دەتوانێت لەسەری بزمارێکدا سەما بکات چوون هەموویان خاوەن خۆگونجاندنن لەوێدا، لەبەرئەوەی هیچ بۆشاییەک داگیرناکەن.

گەر کەسێک بەم شێوە وەڵامی دابێتەوەو بڵێت کە فریشتەکان تەواو بچووکنو وەک جۆرێک لە پەپولە وەهان، کەواتە تەنها دووانیان دەکرێت بتوانن خۆیان لەسەر دەمی دەمبوسێکدا بسازێننو سەما بکەن، دیارە کە ئەم کەسە ڕەنگە خاڵی پرسیارەکەی فەرامۆشکردبێت، چوون فریشتەکان خاوەن لاشەیەکی فیزیکی نیین.

**ئایا فریشتە پێکهاتەیەکی مادیین؟**

تۆماس ئەکیونی لێرەدا هاتووەتە نێو گرفتێکی فەلسەفی پەیوەست بە فریشتەکانەوە، وەک ئەوەی ڕەگەزێکی هزریی جییاکارن. چوون هەموو شتەکان لەسەرگۆی زەویدا خاوەن فۆرمو ماددەی تایبەت بەخۆیانن. من ڕۆحم (فـۆرم)، من لاشەم (مـاددە). ئەڵقەی هاوسەرییەکەم شێوەیەکی بازنەییە(فۆرم) هەروەها کانزاکەی ئاڵتوونە (ماددە) یاخۆ کتێبێکی چیرۆک وادانراوە کە تایبەتە بەچیرۆک(فۆرم) پێکهاتەی کتێبەکش لەپەڕەو مەرەکەب نوسراوەتەوە (ماددە)یە.

دیارە کە ئەمە یاسایەکی گشتییە بۆ پێکهاتەی تەواوی شتەکانی سەر گۆی زەوی. هەر لەبەر ئەمەیشە کە فریشتەکان مایەی مشتومڕیی قوڵو قەلەقیی بواری فەلسەفیین. چوون ئەوان ئەو یاسایە تێکو پێک دەشکێنن،

فریشتەکان خاوەن ماتریاڵو جەوهەر نیینو لە فۆرمو مادە پێکنەهاتوون. تەنێ خاوەن فۆرمنو بەس. تۆماس ئەکیونی خاوەن زۆرێک لە شیکردنەوەو روونکردنەوەیە بۆئەوەی جێبەجێی بکاث. لەم رووەوە هەندێ لەفەیلەسوفان رێگەیەکی سانایان لەهەمبەر ئەم پرسەوە هەڵبژاردووە. دەڵێن: ئەمە پرسێکی سانایە، چوون فریشتەکان لە فۆرمو مادە پێکهاتوونو بڕایەوە. جیاوازیان لەتەک شتەکانی تردا بەوە دەکەن کە پێیانوایە فریشتە لە ماددەیەکی رۆحیی تایبەث دروستکراوونو جیاوازن لە و ماتریاڵە یاخۆ پێکهاتە فیزیکییەی کە شتەکانی دی هەیانە. تۆماس بڕوا ناکاث بەوەی کە ئەمەی دەوترێث برێتی بێث لە ئارگیومێنتێکی سەرکەوتوو و دروسث. هەرچەندە بە نکولی کردنی تۆماس لەوەدا کە فریشتەکان خاوەن پێکهاتەیەکی ماددی نیین، ئەوا لەلایەن نەیارانی هزرییەوە دەکرێث تۆمەتباربکرێث بەوەی کە فریشتەکانی لە ریزی خودا یاخۆ بەخوداکان لەقەڵەم داوە. کەواتە ئەی چی فریشتەکان لە خودا جودا دەکاتەوە؟

**ئایا فریشتەکان هەمان شێوە جۆری خوداکانن؟**

تۆماس ئەکیونی وەڵام دەداتـەوە کە بەڵێ فریشتەکان لە خودا جیاکاریو تایبەتمەندییان هەیە. لەکاتێکدا جەوهەری خودا بونییەتی، بونی خودایە، جەوهەری خودا یەکسانە بە بوونی خودا. بەڵام ئەمە بۆ مەلائیکەکان وەها نییە. چوون فریشتەکان جەوهەریان لەوەدا نیە کە هەر هەبوون، ئەوان لەلایەن بوونێکەوە دروستکراون کە خودایە. فریشتەکان بونیان لە زەینی خودادایەو دروستی کردوون. لەبەر ئەوە لەم رێگە گرنگەوە دەکرێث بڵێین جیاوازن لەخوداو دروستکراوی خودان.

دیارە ئەمەیش کێشەی زێدەتر بۆ تۆماس ئەکیونی دەخوڵقێنێت. چوون گەر هەموو فریشتەکان یەک شێوەیان هەیە و فریشتەبوونیان یەکێکە، کەواتە هەموویان خاوەن یەک فۆرمن‌و بونیادی مادییان نیە. تۆماس ئەکیونی ئەم گرفتە بەوە چارە دەکات کە فریشتەکان هەموویان خاوەن فۆرمی بێ هاوتای خۆیانن. کەواتە هەموو فریشتەیەک بۆخۆی خاوەنی جۆرێک لە فریشتەبوونی خۆیەتی. لە سەر زەویدا هەموو مرۆڤێک دەگەڕێتەوە بۆ رەچەڵەک‌و جۆری مرۆڤ، وەلێ لەرووی بونیادو شێوەی لاشەوە جیاوازن، هەرچەند کە لەئاسمانێدا هەموو فریشتەیەک بۆخۆی خاوەن جۆرو رەگەزی خۆیەتی. کەواتە جۆری فریشتەکان وەک مرۆڤ یەک جۆر نییە. بەگوێرەی بۆچوونی تۆماس ئەکیونی، گەر بیلیۆنێک فریشتە هەبن، ئەوا بلیۆنێک جۆرو شێوەی فریشتە یاخۆ فۆرمی فریشتە لەگۆڕێدان. کەواتە هەر فریشتەیەک لەرووی فۆرمەوە جیاوازو تایبەتمەنتر لەوی دی.

**فریشتەکان چۆن بۆشایی نێوان خوداو مرۆڤەکان پڕدەکەنەوە**

نووسینە ئایینی‌و کەلامییە گرنگەکانی لای نوسەری بەنێوبانگ‌و ناسراو دیونیسیوس ئەلریوباگی لەسەدەی پێنجەمی زاینییدا دەرکەوتن. ئەو نوسەرە نوسینەکانی ئەرستۆی لەتەک نوسینەکانی پەراوی سەردەمی نوێدا ئاوێتەکردن. لەئاکامدا ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین زانستی فریشە یاخۆ فریشتە زانی بەروونی بناغەیەکی بۆدانان‌و توانی لەو رووەوە تیۆرێکی بەهادار دابڕێژێت. هەربۆیە تۆماس ئەکیونی بە تەواوی پشتدەبەستێت بە دیونیوس. چوون ئەو زۆرترین شیکاری هزری‌و فەلسەفی خۆی لەسەر فریشتەکان ئامادەکردو لەدەستپێکی سەردەمی مەسیحییەتدا خستییە روو. چوون ئەو فەیلەسوفە هەر لەسەرەتاوە بەدووی حسابێکی لۆژیکییەوە بوو بۆ بوونی فریشتەو رۆڵییان لەسروشتدا. لە روانگەی ئەو فریشتەکان هەوەڵ

دروسنکراوێکی خوان کە لە کەوندا ئاشنان بەژیریو هۆشو ئاشنان بە هەوەڵ هۆکار کە خودا کێیە.هەروەک چۆن مرۆڤەکان لەرێگەی دەوروبەریانەوەو بەتوانای سنورداری عەقلییان پەییان بەمە بـردووە. فریشتەکان برێتین لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەی لەنێوان خوداو مرۆڤەکاندا هەیە. چوون لەرەوشی هەرەمیدا بۆشایی مەزن لەنێوان خوداو مرۆڤدا هەبوون و درووسنکراوێکن کە تایبەتمەندن بە زانیاری سەرووی عەقڵو وەک مرۆڤ تەنێ بە بینینو بیستنو تام و دەستلێدان ئاشنا نین بەشتەکانو نزیکترینن لە ئاشنایەتییان بەخودا. دەکرێت بەم شێوە پۆڵێنی هەریەک لە جۆری ئاژەڵو مرۆڤو فریشتە بکەین

فریشتەکان تەنێ دروسنکراوێکی رۆحیین، مرۆڤەکان هەم رۆحییینو هەمیش فیزیکیو ماتریاڵی، ئاژەڵەکانیش تەنێ بوونەوەری فیزیکیو ماتریاڵین. کەواتە لێرەدا رەوشی هەرەمی ئاشنایەتی بەخودا دەزانینو بۆمان دەردەکەوێت بۆشایی نێوان مرۆڤو خوا، زەویو ئاسمان چۆن بەرزدەبێتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ هەم رۆحییەو هەمیش مادی، ئاژەڵیش یان رووەکیش تەنێ مادیین، خۆدەبێت شتێکیش هەبن کە تەنێ رۆحیبن، ئەو دروستکراوانەیش تەنێ فریشتەکانن.

### فریشتەکان جیاواز لە ئێمە بیردەکەنەوە

لەئێستادا مرۆڤ لەرێگەی ئەبستراکتو ئەندامە مادییەکانییەوە ئاشنایە بەشتەکان. بۆ نمونە گوێ لە ژاوەژاو دەگرن، داتوانن مێرووی زەردو رەش ببینن و هەست بە پێوەدان دەکەنو لەرێگەی هەموو هەستەکانەوە دەزانن ئەوە هەنگێگەو کاری خۆی کردووە. وەلێ فریشتەکان هەستو بیرکردنەوەو کارەکانی بەمجۆرە نینو نایانکات. فریشتەکان خاوەن هۆشیارییەکی خێراو

ڕاستەوخۆ ئاشنان بەشتەکان، ئەوان خاوەن شێوە و جۆری تایبەت بەخۆیانن، بەپێچەوانەی خـوداوە جەوهەریان سـنـورداره‌و وەک خـوداش هەموو شت نازانن‌و ئەوەی دەیزانن لەسەرووی مرۆڤەوەیە، وەلێ سنورداره، ئەوان بەپێچەوانەی مرۆڤەوە بۆ ئاشنابوون بەشتەکان ناچنە نێو پرسەی ئاشنابونەکەوە لە ڕێگەی هەستەکانیانەوە شتەکان بزانن، بەڵکو فریشتەکان ڕاستەوخۆ دەیپێکن‌و پێویستیان بە وەرگرتنی زانیاری‌و ئاوتوێی زانیاری نییە لەڕێگەی هەستەکانیانەوە. فریشتەکان هەرگیز بیرناکەنەوە لە شتەکان‌و ناچنە پرۆسەی بیرکردنەوە ، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەوان ناوتارن، بەواتای ئەوەی پرۆسەیەکییان نیە بۆ ئەگیومێنت‌و بەڵگەی لۆژیکیی لەئاشنابوونیان بەشتەکان. لەم ڕووەوە مرۆڤەکان لە شتەکان ڕادەمێنن و مشتومڕ لەسەری دەکەن‌و دواجار دەگەنە ئاستێک دەڵێن ئەها یان ئەوا ئێستا تێگەیشتین لەشتەکەن بەڵام فریشتەکان ئەم ڕامان‌و بیرکردنەوەو ئارگیومێنتەیان نییەو هەست بەکار ناهێنن‌و وەک دروستکراوێکی ڕۆحی خێرا ئاشنان بەشتەکان‌و دەزانن. فریشتەکان جۆریان بەپێی دیزاینی سروشتی خۆیان کە خوا دایناوە و جیاوازە و هەریەکەیان بە سروشتی شتەکان دەناسن، بە ماریفەتن و زانیاری خاوێنی سروشتنین . بۆ نمونە مرۆڤ ئاشنایە بە سێگۆشە، کە بەپێنوس‌و ڕەنگ دەیکێشێت‌و فێردەبێت ئەوە سێگۆشەیە، وەلێ فریشتە پێویست بە پێناسەو کێشانی ناکات ڕاستەوخۆ دەزانێ سێگۆشە چییە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هۆش‌و مەژگی مرۆڤ وەک حاسیبەیەک وایەو عەقڵی فریشتەش وەک ئینتەرنێتە، بۆیە لێرەوە بە ڕوونی جیاوازی گەورە لەنێوان ئێمەو فریشتەکان هەیە.

### زنجیرەی هەرەمی شاراوەی فریشتەکان

تۆماس ئەکیونی بەوە تۆشی سەرسوڕمانمان دەکات کە دەڵێ فریشتەکان ئاستیان نزمترە، مەبەستی ئەوانەی لەئاستی باڵای هەڕەمەکەدان. ئەوانە لەئاستی خوارێن کە رێژەی زیاتری فۆرمو شێوەیان لەخۆگرتووە. ئێمە پێشبینی پێچەوانەی تەواوی ئەمە دەکەین. ئایا هەموو ئەو فۆرمە سروشتییەی بەوان دراوە مایەی ژیریو هۆشی باڵاتر نییە. تۆماس ئەکیونی پێی وایە نەخێر. باڵاترین فریشتە سادەترینیانە. چوون ئەو جەوهەرەی هەیەتی لە خوداوە نێزیکە کە خودا بۆخۆی جەوهەرێکی بوونی ساکاری هەیە، ئەوان لەباڵادانو ئاشنان بەخوا، ئەوانەی خوارێی هەڕەمەکە ئەرکی تریان پێسپێردراوەو پاسەوانی ئەو ئەرکەن کە لە ئەستۆیاندایە.

### ئەم پۆلێنکارییەی فریشتەکان بەمجۆرەیە:

ئاستی سەرێو هەوەڵی هەڕەمەکە، شێوەو فۆرمی کەمترینی هەیە و کاریان راستەوخۆ وابەستەیە بەخوداوە. بۆ نمونە فریشتەکانی سەرافین تروبیان، ترینەر. ئەوانەی ئاستی دووەمی هەڕەمەکە زۆرترینی کاروبارو هۆی گەردوونی لەخۆدەگرنو پرەنسیپی ئافەریدەیان لە ئەستۆدایە، ئەوانیش برێتین لە فریشتەکانی هەیمەنەو فەزائیلو هێز. سێیەمینی زنجیرەی هەڕەمی فریشتەکان کە زۆرترینی شێوەی زانیان لەخۆدا هەیە وابەستەن بە کاریگەرییە دیاریکراوەکانو ئەوانیش فریشەکانی میرنشینو دەسەڵاتو فریشتەو مەلائیکەکان دەگرێتەوە.

### هەر پلەیەکی فریشتەکان یان ئاستێکییان چی لە ئەستۆدا

1 . مەزنترینی فریشتەکان سیرافیمە، رەچاوی چاکەی خودا دەکەن یان خێری خودا بۆ ئامانجی تەواوی دروستکراوو مەخلوقاتەکان، بۆ ئەم

مەبەستەش ئەو بەسیرافیم ناسراوەو ناو دەبرێت. ساروف بەواتای سوتان دێت، چوون بەردەوام لەخۆشەویستی خودا دەسوتێت.

2 . کروبیان لە پلەی دووەمـی فریشتەکان دێـت کە ئەرکی سەروکارکردنی ئیدارەو خێری خودایەو لەرووی رۆزیو رزقی بەندەکانەوە وەکیلە.

3 . سێهەمیان ترونەر، ئەویش رەچاوی خێری خودا دەکات لە داوەری ئیلاهیدا. چۆن خودا کاردەکاتە سەر بەندەکانی .

نێوەندی هەڕەمەکە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە وابەستەن بە هۆو فاکتەری گەردوونییەوە بۆ دروستکراوەکانی خودا

4 . چووارەم ئاستی فریشتەکان برینین لە فریشتەی هەیمەنە کە هەموو ئەو شتانە رێکدەخەنو کەمدەکەنەوە کە پێویستە ئەنجامبدرێن لەلایەن فریشتەکانی خوارێ.

5 . پێنجەمین ئاستی فریشتەکان بە فەزائیل ناسراون، بەرپرسن لە باڵاترین هێزەکان لەنێو گەردووونداو لە تەوەرەی ئەو وزانەدا دەسوڕێنەوە کە سوتانو وزەی تیشکو خۆرو مانگو ئەستێرەکان دابین دەکەن.

6 . شەشەم ئاستی فریشتەکان هەموو ئەوانەن کە ناسراون بە فریشتەی هێزو جوڵەن، ئەرکیان پارێزگارییە لە ئۆپەراسیۆنەکانی نێو کەون. سێیەمین پلەی هەرەمیی فریشتەکان پەیوەستن بەکارووباریی دونیاییەوە

7 . حەوتەمین ئاستی فریشتەکان برێنییە لەو فریشتانەی کە وەک میرنشینێکن و گوێڕایەڵی بەرژەوەندی و کاروباری مرۆڤ و ئاسودەیی گشتیین.

8 . هەشتەم ئاستی فریشتەکان لەرووی هەڕەمییەوە ئەوانەن کە میانگیرو نێوەندن لەنێوان پەیامی خوداو مرۆڤەکاندا. تەنێ ئەم فریشتانەن

کە پێوەندی لەتەک مرۆڤەکاندا ڕێکدەخەنو دەگەیەنن. بۆ نمونە سانت میکایل، کە سـەرداری مەلائیکەکانە خەڵکی خودا پارێزگاری لێدەکات. هەروەها جبرەئیل وەک سەردارێکی مەلائیکەکان بەرپرسە لە هێنانی پەیام بۆ دانیالو مەریەمی عەزرا.

9 . دوایـن ئاستی نزمی فریشتەکان برێتییە لە ئاستی نۆیەمی هەڕەمەکە، برێتین لەو فریشتانەی پەیامی لاوەکی دەهێنن و پارێزەری مرۆڤایەتین. دیارە ئەمانە ئاتاجیان بە فۆرمی سروشتی زێدەتره لەهەموو فریشتە ئاست بەرزەکانی دیکە، چوون ڕاستەوخۆ سەروخواریان لەتەک مرۆڤەکاندا هەیە، هەربۆیە فۆرمو شێوەی زێدەتر دەخوازن بۆ هەستان بەکاروبارەکانیان.

ئەسڵەکە لێرەدا ئەوەیە کە پێویست دەکات تێوەندێک لەنێوان خوداو مرۆڤدا هەبێت کە تێوەندێکی نا مادیی بێت. ناسینەوەی ئەمە بەگوێرەی زنجیرەی هەڕەمیی دەتوانرێت ببینرێتو سانایشە بۆ تێگەیشتن. بەتایبەت وەک ئاماژەمان پێدا هەموو ئەو فریشتانەی لەو تێوەندەدان وابەستەن بە شێوەو شکڵی هەمەچەشنو خۆیان لە بەرپرسایەتی نێوان کاروباری مرۆڤو خودا دەبیننەوە. لەئاکامدا تۆماس ئەکیونی نمونەی بە پەندو پێناوێکی یۆنانی کۆن هێناوەتەوە کە وابەستەی دەکات بە مەفهومی پێوانەیەیی لە هەبوونی فریشتەکانەوە. لە سەردەمی فرەخوایی دێریندا، خواکان دابەشکرابوون بۆ خودا گەلێکی مادییو نابەرجەستە واتە نا مادیی. لەوێدا هەموو شتە نامادیەکان ڕەچاو کرابوونو بە خواو خوایەتی خواوە. هاوکات خودا مادییەکانو ماددەیش پەیوەستکرابوو بەکاروبارو شتی دنیاییەوە وەک مرۆڤو ئاژەڵو ڕووەکو ئەو شتانەوە. هەربۆیە لەمیانی جێبەجێکردنی تیۆری پێوانەیی بووندا، تۆماس لەنێو جیهانی نامادییدا جیاوازیو تایبەتمەندی

خۆی دەخوڵقێنێت. لێرەدا تۆماس ئەکیونی جیهانی نامادییەکان دابەش دەکات بۆ خودا، ئەوەی کە بۆخۆی بوونی هەیەو، فریشتەکان ئەوانەی خودانین‌و بوونیان لە خوداوەیە کە بۆخۆی بوونێکی ئەبەدییە. فریشتەکان لەجیهانی نامادییەتدان‌و ناماتێریاڵن، وەلێ خۆ خوا نیین. لەیەک رێگەی گرنگ‌و بایەخداردا لە خودا جیادەکرێنەوەو تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.خودا جەوهەری خۆی لەبوونیدایەو خۆی بووە. فریشتەکانیش قەرزاری بوونیانن بە خودا. لێرەدا تۆماس ئەکیونی پەسەندی تیۆرو فەلسەفەی کۆنی یۆنانی دەکات بەوەی کە بریکاری هۆشیارو ژیری نامادیی لە بووندا‌و لەجیهانی نامادیدا هەن. هەموو ئەو فریشتانەش لەناو گەردووندا غەرق بوون‌و دەخولێنەوە. وەلێ تۆماس ئەکیونی فەلسەفەکەی خۆی بەوە لە یۆنانییە کۆنەکان جودا دەکاتەوە کە فریشتەکان خودا نیین‌و خودا تەنها بەیەک خودا دەناسێنێت. هەر ئەم سەرنجە گرنگەی تۆماسیشە کە تۆماس لە تیۆرو بیری فرە خودایی قوتار دەکات و خۆیشی لە تێگەیشتنی یۆنانی دێرین جودا دەکاتەوە.

# چۆن فریشتە خراپەکان دەبنە شەیتان

تۆماس لەوانەکانیدا ئەوەی دەیڵێتەوە ئەوەیە کە فریشتەی باشو فریشتەی خراپ لە گۆڕێدا هەیە. لە خولاسەی لاهوتییەکەی تۆماسدا ئەم پۆلێنکارییە لە جۆری باشو خراپی فریشتەکاندا بەرەوانی خراوەتە روو. لەنموونەی فریشتەی باشدا میکائیلی هێناوەتەوەو لە نموونەی فریشتەی خراپیشدا ئاماژەی بە خودی شەیتان داوە. ئەو لەخوێندنەوەی تەواوی سەردەمی کۆن و نوێدا بەتەواووی فریشتەکانی خستۆتە ژێر ئەزمایشی راڤەکانییەوە. تۆماس لە راڤەکانیدا فریشتەی باش بە وانە لە قەڵەم دەدات کە گوێڕایەڵی فەرمانی خوانو ئاوێنەی جەوهەری بوونی خودان، هاوکات فریشتەی خراپیش بەوانە دەناسێنێت کە لەفەرمانی خودا دەرچـوونو بەریکراون لە میهرو سۆزی خودا، لێرەدا شەیتان بە باڵاترینی تەواوی فریشتەکان دەناسێنێت کە نموونەیەکە لەوانەی کە لە میهرو بەخشندەیی خودا بێ بەری کراوە، هەموو ئەمەیش لە ترادسیۆنی مەسیحییەتدا جەختی لەبارەوە کراوەتەوە. دیارە کە فریشتەکان توانای بینینی خودایان نییەو لەئاستانەی ویدا کۆرن. هەموو ئەمەیش تۆماس هێناویەتی، کە چۆن چیرۆکی نێوان چێبوونی هەڵوێستی شەڕخوازانە لە فریشتەی خراپەوە سەری هەڵداوە، لەکاتێکدا لە دروستکراوە سەرەتاکانی خودایشن. هەندێک دەڵێن بە بینینی مەسیح کە لە رۆحی خوداو لەمەریەم جودابۆتەوەو وەحی بۆهات، دایانە دوواوەو هەندێکیش پێیانوایە بەشێ لەفریشتەکان نا رازی بوون بەوەی ببنە نێوەند لەنێوان خواو مرۆڤدا کە دروستکراوی لاوەکیو

ئاست نزمترن لەوان. هەربۆیە بڕیاری لەفەرماندەرچوونی فەرمانی خودایان داوە. لێرەدا تۆماس ئەکیونی هاتووە یەکێ لەوتەکانی ئۆگستینی گەورە قەشەو کەشیشی هێناوەتەوە کە دەڵێ : شەیتان نە زیناکارەو نە سەرخۆش و دەخواتەوە، ئەو هیچ کام لەو کارە ناپەسەندانەی نیە، ئەو تەنێ کەسێکی خۆبەزلزان و حەسوودەو هیچی تر.

هەربۆیە شەیتان و یەک لەسەر سێی تەواوی فریشتەکان لەو نێوەندەدا کەوتنە نێو داوی خۆبەزلزانی و حەسودییەوە. تۆماس لێرەدا رەوشەکە زێدەتر روونده‌کاتەوە کە شەیتان چۆن ویستوویەتی خۆی بکاتە خوداو لێرەشدا ئاماژە بەم بڕگەیەی نوسینی نێو ئەشعیا دەدات 13:14–14: بۆ بەهەشت بەرزدەبمەوە دروست وەک بالاترین. قەدیس ئۆگستینیش دیسانەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەیتان خواستی ئەوەی هەبووە ببێتە خوداوەند. لەکتێبی سەفەر تەکویندا ئاماژە بەکەوتنی فریشتەکان دەکات بۆ نێو شەڕو گومڕایی. خودا نورێکی بینی کە چاک بوو، ئیدی نورەکەی لەنێو تاریکیدا دابەشکرد (Genesis 1:4, D–R). لێرەدا تۆماس ئەم بڕگەیەی لە کتێبی ئۆگستینی کەشیش وەرگرتووەو بەڕوونی ئەوە دەخاتە روو کە فریشتەی باش لەنێو فریشتەی خراپدا چۆن سنووریان بۆ دانراوەو جودا دەکرێنەوە. هەموو ئەوەی سەرێ ئەوە دەخاتە روو کە شەیتانەکان بەشێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی ستەمکارو شەڕانیو شەڕانگێز نین. خودا لە سروشتەوە فریشتەی شەڕانگێزی نەداوەتەبەرو دروستی نەکردوون.

هەروەکو چۆن مرۆڤ گەلێک لە هەزەلەوەو سروشتیان هەڵگری دەماخی شەڕخوازانەیە. بەڵکو لە دەستپێکدا بە باشی دروستکردو دواتر بۆخۆیان رێگەی خراپیان هەڵبژاردو بوونە شەیتان.هەڵبژاردنەکە هی خودی خۆیانەو خودا ناچاری نەکردوون و هەروەک لە هۆکاری هەوەڵدا لەم رەوشە

دەدوێ. چوون شەیتان ئیدی سروشتی فریشتەکان دەشێوێنێ و دەیانکاتە ئەڵقە لەگوێی خۆی. ئیدی هەموو ئەوانە رەش دەبن و خودی خۆیان نەگریش دەبن، وەلێ هیچ مەیلێکیان بۆ شتی مادی نییە.

چوون شەیتانەکان چاوچنۆک و ئێرەییەکی مەعنەوی و رۆحییان هەیە. ئامەزرۆی خواو ئەوەن کە بکرێنە کۆیلە. ئەمەیش بڕیاری کۆتاییو ئەبەدی بڕیاری ئازادی خودی خۆیانە. لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە سەر مرۆڤ. چوون مرۆڤیش بە بڕیاری ئازادی خۆیان و بەئیرادەو خواستی خۆیان کەوتوونەتە ناو کایە باشو خراپەکانی ژیانەوە. بە پێچەوانەی فریشتەکانەوە مرۆڤ دەتوانێت رەهاتربێت، لێرەدا چەند نمونەیەک لەمەڕ هۆیەکانییەوە دەخەینە روو:

**مرۆڤەکان: ئایا ئێمە گیانەوەرین یاخود فریشتە؟**

بەشێوەیەکی لۆژیکیی رۆچووینە ناو خواو پاشان فریشتەکانەوە، لە ئێستادا سەرنجمان بۆ نامۆترین دروستکراوی خودا دەخەینەگەڕو دێینە سەر کۆڵینەوە لەبارەی چییەتی مرۆڤ. مرۆڤ لە خوارێی فریشتەو لەسەرێی گیانلەبەرانەوەیە. واتە کەمتر لە فریشتەو زێدەتر لە گیانلەبەران ئاستو بەهای بوونەوەری لەخۆدا بەرجەستەکردووە. مرۆڤ رۆحێکی ناماتریاڵی هەیەو دەتوانێت بیربکاتەوەو فۆرمێکی ئەبستراکتی هەیە. دەوترێت کە رۆحێکی ناماتڕیاڵمان هەیە، وەک ئەوەی لە فریشتەکاندا هەیەو بۆ هەمیشە دەژین، هەروەک چۆن ئەو رۆحە ناماتریاڵو مادییە لە هەمبەر فریشتەو شەیتانەکان هەروایەو ئەوانیش بۆ هەمیشە دەژیێنێ. وەلێ جیاواز لەئەوان ئێمەی مرۆڤ لاشەمان هەیە، دەمو سکو ورگو چاوو و ددانمان هەیە، دروست وەک ئاژەڵ، وەک سەگو پشیلەو مانگاو مشک، ئێمەیش

دەخۆینو دەخۆینەوەو  پاشەڕۆ دەردەدەینەدەرێ. ئەگەریش خۆمان خاوێن نەکەینەوەو خۆمان نەشۆین، ئەوا بۆندەکەینو بۆگەن دەبین. دەکرێت شتانی ترسناک بەسەر لاشەماندابێتو تێکەوین، دەکرێت ئێسقانەکانمان بشکێنو پێستمان بدرێتو چرچو لۆچ بێت، هەروەها ئەندامەکانمان بەهۆی نەخۆشییەوە کاریان تێدەکرێت. ئێمە دەمرین، دروست هەروەک چۆن مێروویەک یان بۆقێک دەمرێت. لەم روانگەیەوە ئێمە وەک فریشتەکان نینو بەتەواووی لێیان جیاوازین، ئێمە لەبری دروست وەک گیانەوەرانی ترین. بۆیە دەکرێت بڵێین مرۆڤ لەتەک هەردوو دنیای مەعنەویو فیزیکیدا رێدەکاتو بارگاویە بەهەردوولا. مرۆڤ لە رۆحیدا هاوشێوەی فریشتەیەو لە لاشەو لەشیدا هاوشێوەی جانەوەرانە. مرۆڤ لەنێوان ئاسمانو زەویدا بەشدارەو درێژبووەتەوەو بونێکی جیاوازتری لە فریشتەو ئاژەڵو جانەوەران هەیە.

گەر لە رووی شێوە هەڕەمییەکەوە یاخۆ زنجیرەی هەڕەمێک لەسەرەوە بۆخوارێ وردبینەوە دەبینین کە خودا لە سەرێو لە لوتکەکەدایەو پاشان فریشتەکان دێنو دواتریش مرۆڤ بە حوکمی توانای ژیریو عەقڵییەوە دێنە گۆڕێ. لەم ناوەدا فەیلەسوفە دێرینەکان ئاماژەیان بە مرۆڤ کردووە وەک ئاژەڵێکی ژیرو هۆشیار کە عەقڵو ئاوەزی هەیە.

کەواتە ئێمە برێتین لە ئاژەڵێکی فیزیکی، وەلێ ئەوەی ئێمەی لە ئـەوان جیاکردووەتەوە ئەوەیە کە ئـاوەزو ژیری عەقڵییان هەیە و بیردەکەینەوە.

**ئایا ئاژەڵەکان رۆحیان هەیە؟**

ئێمە دەڵێین کە ئاژەڵانی دیکە بیردەکەنەوە، ئەمە تاڕادەیەک دروستە، وەلێ ئاژەڵان ( دۆلفین،گۆریلا، سەگو پشیلە ...هتد) لە عەقڵی

ژیرو هۆشمەندا ئێوەنەگلاون. دەکرێت بتوانن هێمایەکی سێگۆشە بناسنەوە، وەلێ وەک مرۆڤ ناتوانن تاوتوێی ئەندازەگیریو هۆکاری سێگۆشەکەو چەمکگەلی پشت سێگۆشەکە بزانن. مرۆڤەکان دەتوانن ئارگومێنتی ئاڵۆزو چڕوپڕ بکەن لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیان. دەتوانن ئایدیای ئەبستراکیان بەکار بهێنن و بیخەنەگەڕ بۆ نمونە لە سێگۆشەیەکدا دەتوانن پێشنیازی دروستبوونو بونیادی پردێکی بەهێز بکەنو دروستی بکەن، واتە ئایدیایان دەرهاویشتەی دەبێت. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی کە مرۆڤەکان ژیرییان هەیە، بەمجۆرەیش مرۆڤەکان دەتوانن بە تێپەڕینی کات پێش بکەونو شارستانیەتیان هەبێت. هەرکەس کە دەڵێت هەریەک لە گۆرێلا یاخود دۆلفینیش خاوەن مەژگێکی ژیرە، دەکرێت بە تەواووی لەمانای ژیریو مەژگ تێنەگەیەشتبن. دەکرێت بڵێین کە دۆلفینو گۆرێللا هەریەکەیان هەستو سۆزی بەهێزیان هەیە، وەلێ ژیرییەکی ئەبستراکتیان وەک مرۆڤەکان نییە. مرۆڤەکان دەتوانن دەستو پەنجە لەتەک ئەندازەگیرییو کێشیەکی ئەندازەیدا نەرم بکەنو چارەسەری بکەنو کێشە ئاڵۆزەکان سانا دەکەن، وەلێ ئاژەڵ هێزی بیرکردنەوەی نییەو بێدەسەڵاتە لەئاست شتەکاندا، لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین ئەوە مرۆڤەکانن رۆحێکی مەعنەویو هۆشو ژیریەکی ئەبستراکتیان هەیە.

## زنجیرەی هەرەمی لە رۆحتاندا

رۆح چییە؟ یۆنانییە کۆنەکان وشەی نەفسییان یاخۆ دەرونیان بۆ رۆح بەکارهێناوە، هەروەها رۆمانییەکان وشەی ئەنیمایان بۆ رۆح بەکارهێناوە. ئەرستۆ ئاماژەی بەرۆح دابوو وەک بنەمای ژیانی هەر بوونەوەرێکی زیندوو. لەلای ئەو گیاکانیش رۆح یان دەرونێکی خۆراکییان

هەبوو یاخەد ئاژەڵەکان خاوەنی رۆحێکی هەستیارو هەست ئاوەربوون. لەبەرامبەردا ئاماژەی بە جیاوازی مرۆڤەکان دەدا کە ئەوان خاوەنی رۆحێکی عەقڵانیو ژیریین. بۆ نمونە گژوگیاکان بنەمای ژیانیان لەوەدایە کە ئۆرگانەکانیان خۆراک بەرهەمدێننو خۆراکی خۆیان دابین دەکەن. ئاژەڵەکانیش رۆحێکی هەستیاریان هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانن خۆیان بژێننو هەستبکەنو بجوڵێنەوە. مرۆڤەکانیش رۆحێکی عەقڵانییان هەیە، کە دەتوانن بیربکەنەوەو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بنەمای ژیانی خۆیان رێک بخەن.

لەئێستادا دەتوانین بڵێین کە رۆحی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرەمییە، بەرزترین ئاستی رۆح لە مرۆڤدا ئەورۆحانەن کە ئاستی ژیرییان بەرزترینە، لەپاش ئەوە ئیرادەو خواست دێت، لەخوارێی ئیرادەو خواستیش ئیدی هەستو سۆز دێتە گۆڕێ. لێرەدا ئیحساسات دابەش دەبن بەسەر دوو جۆردا:

ئەو هەستانەی کە پەیوەستن بەتەنو لاشەی مرۆڤەوە، فریشتەکان خاوەن ژیرییو خواستو یرادەن، وەلێ ئەوان هەستو ئیحساساتیان نییە. بۆ تێگەیشتن لە ئـارەزوو و هەستو سۆز پێویستە لە تێرمی ئارەزوو بڕوانین یاخۆ شەهوەتی جەسەدی کە لەمرۆڤدا دەردەکەون. بنەمای ئارەزووەکان لەمرۆڤدا وابەستەن بەمانەوەی کەسییەوە، بۆنموونە ئارەزوو بۆخواردن بۆ سێکس بۆ خەوتن، چوون لەمانەوەی جۆری مرۆڤدا ئارەزووی سێکس رۆڵی سەرەکی دەبینێت، لەدرێژەدان بە ژیانو وزەو هێزدا ئارەزووی خواردن رۆڵی کاراو دیاری هەیە. یاخۆ دیسانەوە هەستی ترسو تووڕەیی گرنگن کاتێک کەمرۆڤ روبـەڕووی مەترسی دەبێتەوە تووڕەیی وای لێدەکات کە بجەنگێ کاتێ گورگێ دەبینێ ترس وای لێدەکات

کە قوتاربێت یان لەتەکیدا بجەنگێت. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە زنجیرەی هەرەمی ڕۆحی مرۆڤ بەم جۆرەیە: ژیریو مێشک پاشان خواستو ئیرادەو دواجار هەستو ئیحساسات.

**ڕۆحی مرۆڤ وەک ئەسپێکە کە عەرەبانەیەک ڕادەکێشێت**

ئەفلاتۆن لەبارەی ئەم ڕێکخستنەوە وێنەیەکی باشمان پێدەدات. ئەو بەراوردی ڕۆحی مرۆڤ دەکات بەئەسپێک کە عەرەبانەیەک بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت. پیاو لە عەرەبانەکەدا برێتییە لە عەقڵ. عەرەبانەکە لەلایەن دوو ئەسپی باڵدارەوە ڕادەکێشرێت. یەکێک لەئەسپەکان برێتییە لە ئارەزوو شەهوەت، ئەوانی تریان برێتییە لە تووڕەیی. ئیرادەش برێتییە لەو نێوەندەی کە عەرەبانەکە بە ئەسپەکانەوە دەبەستێتەوە، گەر بەدروستی و بە ڕەوانی ئاراستەبکرێت ئەوە مرۆڤ بۆ ئارەزووە دروستەکانی پەلکێش دەکات، گەریش بە نادروست ئاراستەی ئەسپەکە بکات ئەوا مێشک کە عەرەبانەکەیە دەدرێتە دەست ئەسپگەلی هەواو ئارەزووی سەرکەشەوەو مرۆڤەکان بەرەو هەڵدێر دەبات.

ژیریمان یان عەقڵمان وەک عەرەبانەیەکی مەشقپێکراو وەهایە. کە وادانراوە هەستو سۆزمان لەلایەن خواستو ئیرادەوە فەرمانبەرداریی بکات. گەر ڕێگە بدەین ئیرادەمان لەدەست بدەین، ئەوا هەستو سۆزیشمان لەدەست دەدەینو بەسەرماندا زاڵدەبێت. ئەوکات لەنێو سێکسو خواردنو پارەو هێزو تووڕەییدا وندەبینو لەگێژاویاندا دەرناچیین. ئەوکات ئەسپەکان تاودەدەنو عەرەبانەکەیش بەدوویدا ڕێگەکان ناپێکن. ئەگەریش ئیرادە بتوانێت ژیری ئاراستەبکات ئەوکات کۆنترۆڵی هەستو سۆز بۆکوێ بمانەوێ بەخواستی خۆمانە کە زانیاریەکانی لە ژیرییەوە سەرچاوەدەگرنو

چارەنوسێکی دروست دێنەپێشمان.

تۆماس ئەکیونی خاوەن هەمان ئایدیایە لەمەڕ رۆحی مرۆڤ، کە بریتییە لە رۆحی عەقڵو ئاوەز. کاتێک وەک ئاژەڵین، ئیدی هەستەکانمان ئەزموندەکەین بۆ سێکسو خواردنو ترسو توڕەیی. وەلێ بەپێچەوانەی ئاژەڵانەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت نابۆ هەستو سۆز، چوون لەوکاتانەدا ئیدی مرۆڤ خاوەنی دەرونو رۆحێکی عەقڵانییە.

دیارە کە سەگێک دەکرێت لەتەک سەگێکدا کە سەیر و سەمەرە جوتبێت، وەلێ مرۆڤ ئەگەر بەتەواوی ئارەزوویشی بۆ بەرامبەری هەبێت دەتوانێت خۆی بگرێتو ئەو کارە نەکات، هەربۆیە تۆماس ئەکیونیش و زۆرێک لە فەیلەسوفانی سەدە نێوەندییەکان هەمان ئەو بۆچوونە بەدروست دەزانن کە بەڵێ مرۆڤ دەتوانێ بە سەڵتی ژیان بەڕێکات و خۆی دوورە پەرێز بگرێت لە مومارەسەی سێکس، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ دەتوانێت هەستو سۆزو شەهوەتی خۆی کۆنتڕۆڵ بکات بەپێچەوانەی ئاژەڵەوە کە لەهەرساتێکدا هەستو ئارەزووی بجوڵێت ئامادەی جوتبوونە. هەروەک چۆن دایکێکی بێچووە ورچێک گەر شاخەوانێک لەو رەوەندەیدا دەرکەوێت دەکرێت پەلاماری شاخەوانەکە بداتو بیکوژێت. وەلێ دایکی زارۆیەکی مرۆڤ ، گەر شاخەوانێ دەرکەوێ، دیارە کە ئەوە لێکدەداتەوە کە ئایا گونجاوە بیکوژێت، ئەمە گەر هاتوو رارابیەکیشی سەبارەت بەڕێبوارەکە هەبوو.

## پێویستە هەستو سۆزەکان چۆن کاربکەن

کاتێک هەستی باش خۆی نیشاندەدات بریتییە لە خۆشەویستی، وەختێکیش هەستی خراب نومایان دەبێت ئەوا خۆی لە رقلێبوونەودا

دەبینێتەوە. ئەم لە هەوەڵ جوتدا سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە دایکو بابێک وەختێک هاوسەرگیریان کردووە یەکتریان خۆشویستووە، وەلێ کاتێ خراپی سەرهەڵدەداتو بەدیاردەکەوێت هەستی خۆشەویستی دەبێتە هەستی رقلێبوون. ئەم فۆرمە دوانەیە، فۆرمی رقو فۆرمی خۆشەویستی.

# ئەکیونی‌و بەرژەوەندی گشتیی

بۆ تێگەیشتن لە بەرژەوەندی گشتی پێویستە بەسانایی لە سروشتی بەرژەوەندی گشتی رابمێنین. لێرەدا تۆماس ئەکیونی لە گەڵاڵەی ئەرستۆی فەیلەسوفی یۆنانی کۆنەوە گەیشتۆتە ئەم رامانە بـاوەی کە دەڵێ: بەرژەوەندی گشتی برێتییە لە هەموو ئەو شتەی کە مرۆڤ خواستی لەسەرەو ئاتاجی پێیەتی، لێرەدا تۆماس زۆر بە وردی سەرنجی لەسەر رایەڵەکانی بـەرژەوەنـدی گشتی خستۆتەڕوو کە لە زەیـنو بۆچوونی مرۆڤەکاندا دەخوازرێت. بەرژەوەندی گشتی دیسانەوە دیدێکی سیاسیانەی لەلای تۆماس دروستکردووە. وەک دەزانین لەو دەمەدا کە تۆماس لەخانەوادەیەکی باڵاو سەنگینو سیاسییە، بەشێک لە هەڵگەڕانەوە ئایینیەکە یان مەزهەبییەکەی وابەستەبووە بە رەخنەو توانی خۆی لەسەر رەوشی نالەباری سیاسیو کۆمەڵایەتیو گەوجاندنی عەقڵی مرۆڤەکان لەسەر بەها باڵاکانی راستەقینە کە لە کۆمەڵگەکەی تۆماسدا فەرامۆشکرابوو. هەربۆیە دەبینین تۆماس لە زەینیەتی خۆیدا تیۆری سیاسی لە دەرونی مەسیحیەتدا خوێندنەوەی ئەوتۆی بۆکردو بەباشی دەزانی چۆن روبەڕووی ئەو نادادییە بێتەوە کە کۆمەڵگەکەی پێی گیرۆدە بووە.

لەبەر ئەوە مێژوونوسانی ئەودەم لەتەواوی تیۆرە فەلسەفییەکانی تۆماس ئەکیونیدا مەغزو مەغزای سیاسی دەخوێننەوەو ئاتاجی روانگەی تۆماس بۆ گەڵاڵەکردنی چەمکی بەرژەوەندی گشتی بەکار دەهێننو سیاسەتی سیاسییە سەر راستەکانیان. دیارە ئەو سەردەمەی کە تۆماس تاوی زانیاریو

ماریفەو فەلسەفەی خۆی تێدا بریتی بوو لە دەستپێکی کرانەوە بە رووی سەردەمی چاکسازی ئاینیو سەرەداوەکانی بزووتنەوەی هیومانیستەکان دەرکەوتبوونو رێ و رەوگـەی دۆزینەوە جوگرافییەکان لەکەڵکەڵەی دۆزینەوەی کیشوەرە نوێیەکاندا بوون. ئیدی تیۆری بەندایەتی بۆ کەنیسەو هەیمەنەی کەنیسە بەسەر عەقڵو ئاوەزی مرۆڤەکاندا لەئاستێکدابوو کە پایەکانی وردە وردە دەکەوتنە مەترسی. هەر لە ئیتاڵیاو ئیسپانیاو ئەڵمانو ئینگلیزو فەرەنسەدا کەسانی هونەردۆستو بیرمەندو داهێنەری نوێ سەردەکەوتنو ناویان دەهێنایە نێو ناوانەوە .

تۆماس لەسەردەمی پیربوونی سەدەکانی ناوەراست یاخۆ سەدە تاریکەکانی ئەوروپادا سەری کێشایە نێو کیشوەرێکی ماندوو بە فەلسەفەی کلاسیکو بارگاوی بە کۆتو بەندکردنی عەقڵو ئاوەزی مرۆڤەکان. بۆخۆی لە خانەوادەیەکدا ژیابوو کە مەفهومەکانی جیاوازی چینایەتیو کۆنترۆڵکردنی سەروەتو سامانی خەڵکو بندەست کردنی ئیرادەی مرۆڤەکان لەپێناسەیاندا ئاشکرابوو. هەربۆیە تۆماس و هەڵگەڕانەوەکەی لەو دنیا تاڵو ناخرشە، کە تەنها بەدیمەنە روکەشەکەیدا خۆشگوزەران دەژیا، ئەگینا لەناوەرۆکو دەرونەوە شەرمەزارهێن بوو بۆ مرۆڤە بیرمەند و ژیرەکان. بێدەنگییەکەی تۆماس لە رووی کەسایەتییەوە سەرەتای بورکانێک بوو کە وەک بیرمەندانو کۆڵەرانو کەشیشە نوێخوازەکان دەیانوت تەقینەوەیەک بوو کە پێویست بوو دونیا گوێی لەدەنگی بێتو دەنگی ببیستن. تۆماس بەوردی موتاڵای رەوشی سیاسی دەکرت.

لەو راستییە تێگەیشتبوو کە ئاینی مەسیحو کاسۆلیکەکان گەلێ چەمکییان تێکەڵ بەمەسیحیەت کردووە کە نەدەبوو تێکەڵبکرێن. ئەو بەبێزراوی لەزانیاریەکانی مەسیحییان دەڕوانی، ئەو زانیاریانەی کە لەبەر

بەرژەوەندی کەسی تێکەڵ بەسیاسەتو میراتی دەسەڵاتکرابوون. دەیوت نابێت ئەم تۆرەمەیە درێژەی هەبێتو دەبێت ببڕێتەوە. ئەم هاوارەی تۆماس دواتر بووە بناغەیەک بۆ هاوارەکەی مارتن لۆسەر. ئەگەری مەزهەبێکی نوێی داڕشتو کاریگەری راستەوخۆی کردە سەر دونیای سیاسەت لەکیشوەری ئەوروپاو وەرچەرخانی لەئاینی مەسیحدا دروستکرد، پێویستە بزانیین کە ریشەکەی لەتۆماسەوە سەرچاوەی گرتبوو .

تۆماس ئەو بلیمەتە بوو کە لە ناخی ئاینی کاسۆلیکیدا پایە بەهێزەکانی کاسۆلیکی لەرزاند. دەستپێکی ئاشتکردنەوەی دوو دنیای لێتۆراوو تۆراو لەیەکتری بوو.

لە رەهەندی زانیاریەکانیدا بۆ هەوەڵجار قوڵتر لە مارتن لۆسەرو جۆن کاڵڤنو زوینگلی توانی هەم ریفۆرم لە تێگەیشتنی کاسۆلیکیدا بکات، هەمیش ریفۆرم لە عەقڵی توند ئەفکاری عەقڵدۆستەکان. تۆماس روونترو واقعی تر نەوییەکارەکەی. هات دونیای کاسۆلیکو دونیای عەقڵی ئاشتکردەوە. شتێک کە مەسیح دەیخواست عەقڵ بوو ، عەقڵی ئاشتکردەوە بەئایینو زیادەکانی ئاینییش کەسیاسەتی پاوانخوازیو کاریگەریەکانی ئیمپریالیزمی کاسۆلیکەکان بوو بە هێواشی و بەکاوەخۆ لەمەسیحییەتی داڕنیین .

تۆماس پیاوی هەنگاو و قەڵەمبازی سەردەمی خۆی بوو. لەتیۆرە فەلسەفیەکانیدا عەقڵی هێنایە نێو ئاینەوەو سیاسەتی لە ئایین داڕنی. هەرچەند ئەو تا ئەودەمەو تا چەند سەدەیەک دوای خۆی نەتوانرا مومارەسەی بیرەکانی بکرێت، بەڵکو دواتر زەمینەی لەبەردەم مەزهەبو گروپو تاقمێکی وەهادا کردەوە کەبتوانن دنیا بگۆڕن.

تۆماس لە روانگەیدا بەرژەوەندی گشتی کردە فاکتەری ریفۆرمی سیاسی. چوون سەردەمەکەی سەردەمی چینایەتی بوو، تەنها شتێک

لەچینایەتیدا کەون بووبێت بریتی بوو لەبەرژەوەندی گشتی. بەرژەوەندی گشتی نەدەبوو کەسێک قسەی لەسەربکات کە بۆخۆی خانەدانو خەڵکیش بندەستی بن. تاکە رێگەیەک بۆئەوەی بیسەلمێنێت و گوێی بۆ بگیرێت، بریتی بوو لەو عەباو کەوایەی کە مۆرکی خانەدانیان بەو دابوو. ئەو ئیدی لەخۆیەوە دەستی پێکردو لەخۆیەوە دوا، هەربۆیە لەزووترین کاتدا توانی دەروازەیەک بەڕووی واقیعگەرایی کۆڵینەوە لەسەر چەمکی بەرژەوەندی گشتی بکاتو بکردی. خانەوادەی تۆماس لەهەوەڵەوە دەرکیان بە مەترسیەکانی ئاکاریەکەی کردبوو. هەربۆیە زیاد لەوانی تر تموحیان خستە بەردەم، بەڵام تۆماس لەوان جدی تربوو بۆ سەرخستنی تیۆرو بەرنامەکەی.

لەخۆیەوە شۆڕشێکی کردو توانی کۆڵینەوەکانی بە ناوەندییە زانستیەکانی دەوروبەرەکەی ئاشنا بکات، لە پاریسو ناپۆلیو ئیتاڵیاوە توانی بخزێنە ناو هەناوی دەوروبەرەکەیو بەجدیش ئەوکارەی کرد کە دەستی بۆبرد.

بەرژەوەندی گشتی وەک چەمکێک لە کارنامەی تۆماس ئەکیونیدا کاری بۆکراو ئاوێتەی نەزمی سیاسی کرد. نەزمی سیاسی لەودەمەدا سیاسەتێکی پێچراو لە کەواو سەڵتەی دیین بوو، تۆماس هات ئەم تێکەڵکارییەی بەکاوەخۆ لێک جوداکردەوەو جیاوازی لەنێواندا دروستکرد. هەروەک چۆن بەم کارەی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی کەمکردەوەو بە تێگەیشتنێکی عەمەلییەوە هاتە نێو مەیدانی خودی تیۆرەکانییەوە. ئەو دەلاقەیەی تۆماس لێیەوە دەریڕوانی دەلاقەیەک بوو تاسەری سەرەوە هەڵچنرابوو بەلەمپەرو کۆسپ، تەنها دەروازەی رووخانی ئەو لەمپەرانەو تەختکردنی ئاسۆ بینیەکانی بریتی بوو لەهەڵشاخان بەسەر نەریتو پایماڵکردنی غروری دەوروبەرە خۆسەپێنەکەی .لەهەر شوێنێکدا بۆی بلوایە گۆڕانی دەکردو

لەهەر شوێنێکیشدا نەیتوانیایە هەڵدەهاتو پەنای دەبردە بەر ژینگەیەکی تر کە ئارامیەکەی بتوانێت بەلایەنی کەمەوە بوار بۆ پراکتیکی کارەکانی بهێڵێتەوە .

لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین کە ژینگەی کارو ئاکارەکانی تۆماس لە ژیانی زانستیو بیرکردنەوەیدا ژینگەیەکی سەنگینو پڕوکێنەربوو، دیارە کە هەڵبژاردنی ئەو ژینگە ئاڵەیش خودی تۆماس خۆی دەیخواستو لەهەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا ژیانی خۆی خستە زەحمەتەوەو لەپێناو تەواووی ئەوانی تردا بۆخۆی رێگەی رەفاهییەتی هەڵنەبژاردوو کەوتە داوی سەختییەکانەوە، هەربۆیە بەتەواوی پێچەوانەی هەموو ئەوانی تر تۆماس بەکردەوە کاری کردو دوای پراکتیک ئەوجا تیۆرەکانی خۆی ئاشنا بە دەوروبەرو ناوەندە ئەکادیمییەکانو خوێندکارەکانی کرد.

گرنگترین دەستکەوتەکانی تۆماس لەکایەی روانگەی ئەودا بۆسیاسەت یاخۆ ناساندنی تۆماس وەک سیاسییەک لەوەدایە کە لەکایەی زانستییەوە وەسفی سیاسەتی کردو لە کایەی کۆڵینەوەوە توانی لە دەریای سیاسەتێک بداتکە هەموو مەفهومێکی زانستیانەو ئەکادیمیانەی دەشێواند. تۆماس فرە وردو فرە بە دیقەتەوە کۆمەڵگەی خوێندەوە، فرە بە وردی لە فەرهەنگو مەرجەعی رۆشنبیری دەوروبەرەکەی خۆی وردبۆوە. بەهرەی سەرنجەکانی یاخۆ بەرەکەتی نوسینو هزرو ئەخلاقی لەوەدایە کە هیچ بەرامەیەکی مادیو هیچ هـەوەسو خولیایەکی مادیو دنیایی تێکەڵ بە تیۆرەکانی نەبووبوون. ئایندارێکی تەواو سەر راستو واقعی بوو. سیاسەتی نەخواست چوون لەدەرونی سیاسەت رایدەکرد. زانستیانە لەدینی روانی، هەربۆیە سەلماندی کە رەهەندی دینی زیاتر زانستی و لۆژیکییە نەک سیاسییو

ماتریاڵی‌و دونیایی .

لەپەیامەکانی تۆماس ئەکیونیدا راستییەک دەخوێنرێتەوە کە تەواووی بیرمەندان‌و فەیلەسوفانی دوای خۆی لە نیاز پاکی سەرنج‌و خەسڵەتەکانی دەگەن و بێیەک‌و دوو ملدەدەن بۆ بەهای وتەو نوسین‌و ئەفکارەکانی.

کەسایەتی تۆماس بۆخۆی ئەنسکلۆپیدیایەک بوو کە چواندبووی بە کەسایەتی بەرێوەبردنی وڵات. بەرێوەبردنی خۆی یەکسانکردبوو بە بەرێوەبردنی کۆمەڵگەو لەو سۆنگەیەوە تیۆرەکانی خۆی دادەڕشت‌و لەسەریان دەوەستاو راڤەی دەکردن بۆ خوێنکارو دەوروبەرەکەی. تۆماس تیۆرەکانی هەمیشە وەک زەنگێک چاویان لێدەکران چوون نوسینێکی نەبوو تازە نەبێت، تازەگەرییەکی نەبوو داهێنان نەبێت، داهێنانێکی نەبوو پێویست‌و ئاتاجی کۆمەڵگەو کیشوەرو ئاینەکەی نەبێت. گرنگی تۆماس لەوخاڵەوەیە دەستی خستە سەر زامدارترین برینی کۆمەڵگە، کە پایماڵی مافی گشتی بوو پایماڵی مافی عەقڵی تاکەکانبوو ژێرپێخرانی ئەو ئەوینە ئایندارییە پوختە بوو کە تێکەڵ بە وەیشوم‌و واوەیلای چڵکی سیاسەت‌و سیاسییەکانی ئەوێ دەمکرابوون. تۆماس توانی ببێتە بناغەی ئەو دیوارەی کەدواتر ناونرا دیوار یان لەروو وەستانەوەی عەقڵبەستەکان‌و دین کۆیلەکەرەکان.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |